تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5798) یەک شەممە 28ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەولێر و بەغدا لە ڕێککەوتن نزیکن

ئەم هەفتەیە لیژنە تەکنیکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ئیتتیحادی لە بەغدا کۆدەبنەوە

دوای ئەوەی شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراق بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و دواتر لیژنەی باڵای هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ئیتتیحادی، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە و تێیدا باسیان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی شاندی باڵای بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی لیژنەی باڵا هاوبەش، پرسی ناوچە جێناکۆکەکان و کێشە داراییەکان و بوودجە، پرسی نەوت و غاز باسیان لێوەکرا. **(دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

بەردەوامبوونی تەعریب لە کەرکووک گرفتێکی گەورە دەخاتە نێوان پێکهاتەکانەوە

ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک گوتی، پرۆسەی تەعریب لە سنووری کەرکووک بەردەوامە و ئەوان حکوومەتی عێراقیان ئاگادار کردووەتەوە و حکوومەتی عێراق لەو کارە بەرپرسیارە و ئەگەر تەعریب بەردەوام بێت گرفتێکی گەورە لە نێوان پێکهاتەکاندا دەکەوێتەوە و یەکەمجاریش زیان بە عەرەبی ڕەسەنی شارەکە دەگات. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**





سەرۆک بارزانی بۆ میری نوێی ئێزدییان:

هاوکار و پشتیوانتان دەبین

دوێنێ شەممە بەبۆنەی دەستنیشانکردنی بە میری کوردانی ئێزدی، سەرۆک بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی میر حازم تەحسین بەگ کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز میر حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدییان

سڵاو و ڕێز.

بەبۆنەی دەستنیشانکردنتان وەک میری ئێزدییان، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و سەرجەم خوشک و برایانی کوردی ئێزدی دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

کوردی ئێزدی، پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستانن و هیوادارم لە ئەرکی نوێتاندا بە باشترین شێوە خزمەتی ئەو خوشک و برایانەمان بکەن و ئێمەش هاوکار و پشتیوانتان دەبین.

مسعود بارزانی
27ی7ی2019

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراق کۆبوونەوە

بڕیاری هەرێمی کوردستان دۆزینەوەی چارەسەرە لەسەر بنەمای دەستوور

هەروەها لەسەر بەردەوامیی کۆبوونەوەکان بۆ لابردنی ئاستەنگەکان و گەیشتن بە لێکگەیشتن و دۆزینەوەی چارەسەر کە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بێت، کۆک بوون.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/25 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی هەڵوێستی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدرال و لیژنەی باڵای هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی کرد کە هەوڵەکانیان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانە و لەمبارەیەوە پاڵپشتیی خۆی بۆ هەنگاوەکانی هەردوولا نیشان دا و ڕێڕای جەختکردنەوە لەسەر کاری هاوبەش و یەکتیمی.

هەروەها دووپاتی کردەوە کە تێڕوانین و بڕیاری هەرێمی کوردستان دۆزینەوەی چارەسەرە لە چوارچێوەی عێراق و لەسەر بنەمای دەستوور کە ببێتە هۆکاری سەقامگیری و بەرەوپێشبردنی پەیوەندیی هەردوولا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بە تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نیشان دا و پوختەیەکیشیان لەسەر کۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممەی لیژنەی باڵای هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال و تێڕوانینی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، خستەڕوو.



مەسرور بارزانی بۆ میری نوێی ئێزدییەکان:

حکوومەت پاڵپشت و یارمەتیدەرتان دەبێت

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە میری نوێی ئێزدییان میر حازم میر تەحسین بەگ دەکات و ڕایدەگەیەنێت «حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەر دەبێت، هەوڵدەدات خزمەتێکی شایستەتری خوشک و برا ئێزدییەکان بکات و لە ئێش و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە». **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

میری کوردانی ئێزدی دەستنیشانکرا

دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر کۆچی دوایی میر تەحسین، میری ئێزدیان لە هەرێمی کوردستان و هەموو جیهان، دوێنێ شەممە 27/ 7/ 2019حازم میر تەحسین بەگ کوڕە گەورەکەی میر تەحسین بەفەرمی وەکو میری کوردانی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان و جیهان دەستنیشانکرا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هێزە عێراقییەکان نەیانتوانیوە ناوچەکانی داقووق بپارێزن

چەند ڕۆژێکە دەستکراوە بە بۆردوومانی گوندەکانی سنووری داقووق و ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی کە بەهۆیەوە بە دەیان هاووڵاتیی سڤیلی ناوچەکەش بوونەتە قوربانی و تاکو ئێستاش نەزانراوە تاوانبارەکان کێن و هێزە ئەمنییەکانیش دەڵێن داعشە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال لە سەماوە ڕاوەستا



لێژنەیەکی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان لە پارێزگای سەماوەیە بۆ بەدواداچوون لەسەر گۆڕبەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوانی گەرمیان. بەڕێوەبەری گشتیی شەهیدانی گەرمیانیش دەڵێ، تا ئێستا 75 تەرم لە یەک گۆڕی بەکۆمەڵی سەردەمی ئەنفالی گەرمیانییەکاندا دۆزراوەتەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ لە هەولێر، دوو ئامێری دیکەی قەستەرە زیاد دەکات



نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ لە هەولێر نەخۆشخانەیەک لە پێناو چارەسەرکردن و ڕزگارکردنی نەخۆشانی دڵ دامەزراوە جگە لە شارەکانی کوردستان نەخۆشانی شارەکانی دیکەیش بەمەبەستی چارەسەرکردن ڕووی تێ دەکەن و بۆ زیاتر گرنگیدان بەو نەخۆشخانەیە لەلایەن حکومەتی هەرێم بودجەیەک بۆ فراوانکردنی نەخۆشخانەکە تەرخانکرا.


سەبارەت بە ئیش و کارەکانیان، «خەبات» ڕاپۆرتێکی ئامادەکردووە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



هەولێر و بەغدا لە رێککەوتن نزیکن

مەسرور بارزانی و شاندێکی حکوومەتی عێراق چەند پرسێکی گرنگ تاوتوێ دەکەن


رۆژی پێنجشەممە 2019/7/25 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی بالآی بەغدا کۆبوونەوە و بە گوێرەی زانیارییەکانیش، لە کۆبوونەوەکەدا سێ پرسی گرنگ تاوتوێ کراون. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست کوردستان24 کەوتووە، کۆبوونەوەکەی نێوان سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندنی بالآی حکوومەتی عێراقی لە هەولێر، بۆ گفتوگۆکردن بووە لەبارەی نووسینەوەی ڕەشنووسێکی هاوبەشی تایبەت بە چارەسەرکردنی پرسەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بەپێی هەمان سەرچاوەش هەردوولا نزیکن لە گەیشتن بە ڕێککەوتن. کۆبوونەوەکەش لە کەشێکی ئەرێنیدا بەڕێوەچووەو گفتوگۆ لەبارەی سێ تەوەری سەرەکی کراون، کە ئەوانیش بریتی بوون لە مەلەفی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەروەها مەلەفی نەوت و غاز و کێشە دارایییەکان. هەر لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا ڕێککەوتن کە لێژنە هاوبەشی دارایی پرسەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و بەپێی هەمان سەرچاوەش هەردوولا نزیکن لە گەیشتن بە ڕێککەوتن. کۆبوونەوەکەش لە کەشێکی ئەرێنیدا بەڕێوەچووەو گفتوگۆ لەبارەی سێ تەوەری سەرەکی کراون، کە ئەوانیش بریتی بوون لە مەلەفی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەروەها مەلەفی نەوت و غاز و کێشە دارایییەکان. هەر لەدرێژەی ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و شاندی بالآی حکوومەتی عێراقیش پێکهاتبوون لە فوئاد حوسێن وەزیری دارایی و جێگری سەرۆک وەزیران، سامر غەزبان وەزیری نەوت و جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە، فالح فەیاز ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و محەمەد ئەلهاشمی، بەڕێوەبەری نووسینگەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق.



مەسرور بارزانی: پێویستە حزبەکان هاوکار و یارمەتیدەری حکوومەت بن

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممە 2019/7/25 پێشوازی لە شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.
شاندی پارتی وێڕای پیرۆزبایی لە سەرۆک وەزیران، هیوای سەرکەوتنیشیان بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و ئاماژەیان بەوەدا کە پارتی بە هەموو شێوەیەک پشتگیریی لە حکوومەت دەکات.
سەرۆک وەزیران سوپاسی شاندی مەکتەبی سیاسی پارتی کرد و گوتی: ڕاستە پارتی لە حکوومەتدا زۆرینەیە، بەڵام حکوومەت پێویستە حکوومەتی هەموو هاووڵاتیان بێت و خزمەتی هەمووان بکات بەبێ جیاوازی. داواشیکرد حزبەکانی کوردستان هاوکار و یارمەتیدەری حکوومەت بن. سەرۆک وەزیران هەروەها ئاماژەی بە سەردانی شاندی بالآی هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەغدا کە بووە هۆی دەستپێکردنی گەڕێکی نوێی گفتوگۆ بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان بە پێی دەستوور بە شێوەیەک کە ماف وئەرکی هەموو لایەک لەبەرچاو بگیرێت.

شاندێکی بالآی پارتی بۆ پالپشتیی حکوومەت لەگەڵ قوباد تالەبانی کۆبوونەوە



ڕۆژی پێنجشەممە 25ی تەمووزی 2019 قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و وەفدێکی بالآی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، بە مەبەستی پیرۆزبایکردن و دەربڕینی پالپشتی، لە هەولێر سەردانی بەڕێز قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانیان کرد و پالپشتی تەواوی خۆیان بۆ کابینەی نوێ دەربڕی و باسیان لەوە کرد سەرۆکوەزیران ڕایگەیاند: ڕۆژی 25ی تەمووزی 2019 وەفدێکی بالآی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، بە مەبەستی پیرۆزبایکردن و دەربڕینی پالپشتی، لە هەولێر سەردانی بەڕێز قوباد تالەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانیان کرد و پالپشتی تەواوی خۆیان بۆ کابینەی نوێ دەربڕی و باسیان لەوە کرد چاوەڕوانییەکانی خەڵک لەم کابینەیە زۆرە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری حکوومەت بە ئاراستەی خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
سەمیر هەورامی، ئاماژەی بەوەش دا کە لە دانیشتنەکەدا هەردوولا گەشبینیی خۆیان پێشان دا بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی بەغدا و هەولێر بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتیی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

بەگوێرەی لێژنەی بالآی هاوبەشی حکوومەتی هەرێم و عێراق

ئەم هەفتەیە لێژنە تەکنیکییەکان لە بەغدا کۆدەبنەوە

دوای ئەوەی شاندێکی بالآی حکوومەتی عێراق بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و ڕۆژی پێنجشەممە 25/7/2019لەگەڵ بەرپرسانی بالآی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و دواتر لێژنەی بالآی هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ئیتیحادی، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە و تێیدا باسیان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی شاندی بالآی بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی لێژنەی بالآ هاوبەش، پرسی ناوچە جێناکۆکەکان و کێشە دارایییەکان و بوودجە، پرسی نەوت و غاز باسیان لێوەکرا.
ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:
ئەمڕۆ پێنجشەممە 2019/7/25 لێژنەی بالآی هاوبەشی حکوومەتی ئیتیحادی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز جێگری سەرۆکی حکوومەتی ئیتیحادی بۆ کاروباری وزە کۆبوونەوە تەکنیکی لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەژێر چاودێری لێژنەی بالآی هاوبەش.
لە کۆبوونەوەکەشدا بڕیار لەسەر بەردەوامی پەیوەندییەکان درا بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتیی و دەستووریانە بۆ سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەشێوەیەک کە خزمەت بە بەڕژەوەندی هەردوولا بکات و بڕیاریشە هەفتەی داهاتوو لێژنە تەکنیکییەکان لە بەغدا کۆببنەوە.

25 تەمووز 2019

پەیامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 10ەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان

بەڕێزان / ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی جڤاتی گشتی و نیشتیمانی لە بزووتنەوەی گۆڕان..

بەبۆنەی 10ەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوە تێکۆشەرەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، هیوادارین هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بن لە خەبات و تێکۆشانتان بۆ سەرخستنی دۆزی گەلەکەمان و بەدیهێنانی گشت مافە ڕەواکانی.
ڕۆڵی بزووتنەوەکەتان و بەرنامەو هەوڵ و کار و چالاکییەکانی بۆ بەهێزکردنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا شەرعیەکانی و بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی لە پێناو دوارۆژێکی گەشتر مایەی خۆشحاڵی و ئاماژەی دڵسۆزیتانە بۆ بەدیهاتنی مافە هاوبەشەکانمان.
ئێمە کاتێک ئەو یادە دەکەینەوە، هاوکات ڕەوشی گرنگ و هەستیاری ئەمڕۆی هەرێم و ناوچەکە، واپێویست دەکات زیاتر سووربین لەسەر هاوخەباتی و یەکڕیزیی و تەبایی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان و ڕەوشی ئارام و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی ئامانجە دیرۆخایەنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانمان.
هیوادارین بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین بناغەی ئەو هاوپەیمانییەتی و هەماهەنگییەی نێوانمان زیاتر پتەوتر و بەهێزتر بکەین لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی گەلەکەمان و تەختکردنی کۆسپ و تەگەرەکان و چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشەکان و دابین کردنی ئایندەیەکی ڕۆشنتر و گەشتر بۆ گەلەکەمان.
جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هەر سەرفرازو سەرکەوتوو بن.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/7/25



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەکات

مەسرور بارزانی: وەک دۆست و هاوبەشێک دەتوانین پشتتان پێ ببەستین

مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بۆریس جۆنسن کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا.
لە پەیامەکەیدا، سەرۆک وەزیرانی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن خواستن بۆ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان و بەریتانیا پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەیە و سوپاسی پشتگیریی جۆنسنیش دەکات لە هەرێمی کوردستان.
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە پەیامە پیرۆزباییەکەیدا دەڵێت: بە تایبەتی زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ پشتگیریکردنتان چ ئەوکاتەی شارەداری لەندەن بوون یان وەزیری دەرەوەی بەریتانیا. ئێمە وەک دۆست و هاوبەشێک دەتوانین پشتتان پێ ببەستین".
مەسرور بارزانی لە کۆتایی پەیامەکەدا دەڵێت: ئومێدەوارم لە پرسە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر بکەین".

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/7/28 ژمارە (5798)
خەبات



مەسرور بارزانی بۆ میری نوێی ئێزدییەکان:

حکوومەت پالپشت و یارمەتیدەرتان دەبێت

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە میری نوێی ئێزدییان میر حازم میر تەحسین بەگ دەکات و رایدەگەیەنێت «حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە پالپشت و یارمەتیدەر دەبێت، هەوڵدەدات خزمەتێکی شایستەتری خوشک و برا ئێزدییەکان بکات و لە ئێش و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە». بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک میری ئێزدیانی جیهان، دوێنێ شەممە 2019/7/27 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی لە میر حازم میر تەحسین بەگ کرد. لە پەیوەندییەکەدا سەرۆکی حکوومەت هیوای سەرکەوتنی بۆ میری نوێی ئێزدییان خواست و ئاماژەی بەوەدا کە خوشک وبرایانی ئێزدی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستانن و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پالپشت و یارمەتیدەریان دەبێت و وەک هەمیشە هەوڵدەدات خزمەتێکی شایستەتری خوشک و برا ئێزدییەکان بکات و لە ئێش و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە.

هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا میر حازم سوپاسی پشتیوانی و پشتگیریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد.



سەرۆکایەتیی پەرلەمان پیرۆزبایی لە میر حازم تەحسین بەگ دەکات

بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک میری ئێزدییانی کوردستان و جیهان، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی میر حازم تەحسین بەگ کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێز میر حازم تەحسین بەگ

بەبۆنەی هەڵبژاردنت بە میری ئێزدییانی کوردستان و جیهان گەرمترین پیرۆزباییت ئاراستە دەکەین.

کوردانی ئێزدی پێکهاتەی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن، پەرلەمانی کوردستانیش پڕۆژەیاسایەکی تایبەت بەکۆمەڵکوژیی خوشک و برا ئێزدییەکانی لەبەردەستدایەو هەوڵدەدین بەزووییە پەسند بکرێت و لەگەڵ پەرلەمان و حکوومەتی عێراق لەسەر هێڵ دەبین بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەندام لەدادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی کەیسی کۆمەڵکوژییەکەی خوشک و برایانی ئێزدی بەفەرمی دانی پێدا بندرێت و تاوانباران دادگایی بکرێن و قەرەبووی قوربانییەکانیش بکرێتەوە.

جارێکیتر پیرۆزبایی لەبەڕێزتان و تەواوی کوردانی ئێزدیی کوردستان و جیهان دەکەین.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2019/7/27



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە میری ئێزدییان دەکات

دێ هەموو هەولا دەین بۆ ئاڤەدانکرن و ڤەگەڕاندنا ژیانێ بۆ دەڤەرێن ئێزدییان

بەبۆنەی دەستنیشانکردنییەوە بە میری ئێزدییان، دوێنێ شەمە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە بەڕێز میر حازم تەحسین بەگ، میری ئێزدییان کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ڕێزدار میر حازم تەحسین بەگ،
میرێ ئێزدییان
سلاڤ و ڕێز..

ب هەلکەفتنا دەستنیشانکرنا هەوە وەک میرێ ئێزدییان، ب گەرمی پیرۆزباهیێ ل هەوە و هەمی ئێزدییان دکەم، هیڤییا سەرکەفتنێ د ئەرک و بەرپرسیاریا هەوەیا نوودا بۆ هەوە دخوازم. هوین د دەمەکێدە ڤێ ئەرک و بەرپرسیاریا مەزن هەلدگرن کو هێشتا هەژمارەکا مەزنا خوشک و برایێن مە یێن ئێزدی د کەمپێن ئاوارەییێدا دژین و نکارن ڤەگەرنە سەر جهـ و وارێن خۆ. ئەرک و بەرپرسیاریا هەوە یا گرانە و ئەم هەموو پێکڤە هەوجەی هەڤکاریا هەڤدونە داکو بکارین هندەکێ ژ بارێ گرانێ ئێزدییان سڤک بکەین.

هەوە پشترِاست دکەم کو وەک هەردەم ئەم دێ هەموو هەولا دەین داکو ب هـەر ئاوایەکێ بکارین پشتەڤان بین و هاریکاریا خوشک و برایێن خۆ بیێن ئێزدی بکەین. هندی ئێزدییەک ب تنێ ژی ل هەر دەرەکێ ڕەڤاندی مابیت، چ پێویستە ئەم دێ کەین بۆ ڤەگەڕاندنا وان، هەروەسا دێ هەموو هەولا دەین بۆ ئاڤەدانکرن و ڤەگەڕاندنا ژیانێ بۆ دەڤەرێن ئێزدییان داکو بکارن ب سەرفرازی ڤەگەڕنە سەر جهـ و وارێن خۆ.

جارەکا دی ژی هەوەیێن ڕێزدار و هەموو خوشک و برایێن ئێزدی و پێکهاتێن ئۆلی و نەتەوەیی پشترِاست دکەین کو هەرێما کوردستان دێ هەر مینیت وارێ پێکڤەژیانێ، پڕەنگیێ، ئاشتیێ و هەڤدوقەبوولکرنێ بۆ هەموویان.

دوبارە میراتییا هەوە پیرۆز بیت، هەر سەرکەفتی بن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
2019/7/27

مەکتەبا سیاسی یا پارتی پیرۆزباهیێ ل میرێ ئێزدییان دکەت

مەکتەبا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەلکەفتا دەستنیشانکرنا میر حازم تەحسین بەگ میرێ ئێزدییان ل کوردستان و جیهانێ پەیامەکا پیرۆزباهیێ بەلاڤ دکەت ئەڤە ژی دەقێ وێ یە.

هێژا/میر حازم تەحسین بەگ.. سلاڤ و ڕێز

ئەم پیرۆزباهیەکا گەرم ئاراستەی جەنابی هەوە دکەین، کو هاتنە هەلبژارتن ب میرێ ئێزدیخانێ ژ لایێ جڤاتا ڕۆحانیێ ڤە، هیڤیدارین ژ خودایێ مەزن پشتەڤانێ هەوە بیت بۆ بەردەوامبوونا ریژکا ئێزدیخانێ و ئێکەتیا مللەتی بپارێزن، و وەکی ڕەحمەتی تەحسین بەگ کوردبوونا ئیزدییان ب پارێزن، ئەم ژی وەک پارتی کا چاوان پشتەڤانێ تەحسین بەگ بووینە دێ پتر هاریکار و پشتەڤانێ جەنابێ هەوە بین، دیسان هیڤا ساخ و سەلامەتیێ بۆ هەوە دخوازین.

مەکتەبا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان
هەولێر 2019/7/27ێ

میری کوردانی ئێزدی دەستنیشانکرا

میر حازم میر تەحسین بەگ: لەگەڵ چەندین بەرپرسی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکایی باسمان لە ڕەوشی کوردانی ئێزدی کردووە



دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر کۆچی دوایی میر تەحسین، میری ئێزدیان لە هەرێمی کوردستان و هەموو جیهان، دوێنێ شەممە 2019/7/27 میر حازم میر تەحسین بەگ کۆڕە گەورەکەی میر تەحسین بەفەرمی وەکو میری کوردانی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان و جیهان دەستنیشانکرا.

دوای دەستنیشانکردنیشی وەکو میری ئێزدیان میر حازم میر تەحسین بەگ کۆڕە گەورەی میری پێشووی ئێزدیان، بە جلوبەرگی میراتی ئێزدیان لە پەرستگەی لالش وتارێکی پێشکەش کرد و لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەو فەرمانەی بەسەر گەلی ئێمە هاتووە و ڕەوشی ئێزدیان باش دەزانێ، ئێمە وەکو بنەماڵەی میری ئێزدیان بەپێی توانای خۆمان لەگەڵ چەندین بەرپرسی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکیی کۆبوونەتەوە و لەگەڵ هەموویاندا باسمان لە ڕەوشی کوردانی ئێزدی کردووە. میری نوێی کوردانی ئێزدی لە وتارەکەی بڕیاریدا ئەنجوومەنێکی باڵای ئێزدی دروست بکات لە سەدا 60ی شنگالییەکان تێیدا بەشدار بن و ئەنجوومەنی ڕوحانی ئێزدیش فراوانتر بکات کە خەڵکی شنگال و پیاوانی ئایینی تێیدا بەشدار دەبن.

میر حازم میر تەحسین بەگ ڕاشیگەیاند کە بە هەموو توانایەکمان کاردەکەین لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، هەروەها پەیوەندییەکانمان باشتر دەکەین لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق وەکو برایانی موسڵمان، مەسیحی، سابیئی، کاکەیی و فەیلییەکان و هەموو هۆزەکانی عێراق و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پەیوەندییەکانمان بەردەوام پتەوتر دەبەین.

هەروەها ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ڕوحانی کوردانی ئێزدی کەریم سلێمان لەبارەی هەنگاوەکانی دوای دەستبەکاربوونی میری نوێی ئێزدیان گوتی: پەیوەندی میری نوێی ئێزدیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێت و لە هەموو کار و پڕۆژەیەک پالپشتی و هەماهەنگی پتەو دەبێت.

لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری پەرستگەی لالش، لوقمان سلێمان، لەبارەی ڕێوڕەسمەکانی دەستبەکاربوونی میری نوێی ئێزدیان گوتی: میر بە مەبەستی سوێند خواردن بە جلوبەرگی میراتی ئێزدیان دەچێتە بەردەم دەرگای "قاپیی" یان دەرگای میری پێ دەڵێن دەرگا گەورەکەی نێو پەرستگەی لالش کە وێنەی ماریێکی ڕەشی گەورەی لەسەر دروستکراوە، لە نێو خەڵک سوێند دەخوات کە دەستپاک و دڵسۆزانە کار بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێزدییەکان بکات.

گوتیشی: لە ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی میری نوێی ئێزدیان چەندین موزیک و سروودی تایبەت بە میری ئێزدیان پێشکەش دەکرێت و دواتریش بەشێک لە ئامادەبووان لە پەرستگەی لالش نیوەڕۆ خوانێک دەخۆن و بەشێکی زیاتر لە کۆشکی میر ئامادەی نیوەڕۆ خوان دەبن.

بەڕەسمی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری پەرستگەی لالش، لوقمان سلێمان ژمارەی میرەکانی کوردانی ئێزدی تا ئێستا بە دروستی نازانرێت بەڵام دەزانرێت پێش میر حازم میر تەحسین بەگ پێنج میری دیکە هەبوون ئەوانیش بریتی بوون لە میر تەحسین بەگ، میر عەلی بەگ، میر سەعید بەگ، میر فاروق بەگ، میر خەیری بەگ.

دەشڵێت: هەموو تاکێکی ئێزدی ئەو مافەیان نییە کورسی میراتی ئێزدیان وەربگرێت، بەڵکو تەنها ئەوانە بۆیان هەیە بین بە میر کە لە بنەماڵەی میرەکانی کوردانی ئێزدین، لە دایک و باوکێکی میر لە دایک بووبێ. جێی باسە میر حازم میر تەحسین بەگ لە ساڵی 1963 لە باعەدرێی سەربە قەزای شێخان لە دایکبووە و خێزانداراە و باوکی دوو کوڕ و کچێکە، دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدایە، شەش ساڵ نوێنەری میری ئێزدیان بووە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/7/28 ژمارە (5798)
خەبات

سەرۆکی حکوومەتی یۆنان پێشوازی لە جێگری سەرۆکی لاوانی سیاسیی جیهان دەکات



لە دوایین بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراقی کردووە، لە دوای شەڕی تیرۆر و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و پێکهاتنی حکوومەتی تازە و داوای کرد لە ئێستا و لە ئایندەدا پشتگیر و دۆستی گەلی کوردستان بن.

سەرۆکی حکوومەتی یۆنان باسی لە ڕۆڵ و گرنگی لاوانی سیاسیی ئەورووپا کرد و خۆشەویستی تایبەتی خۆی بۆ گەلی کوردستان دەربڕی، هەروەها سوپاسی هەڵوێستی پێشمەرگەی کوردستانیشی کرد کە بەرەنگاری شەڕی تیرۆر بوونەوە و توانیویان هەرێمی کوردستان لە دەستی تیرۆریستان رزگار بکەن و بەڵێنی بەم گەنجە کورده داوە کە بەپێی توانا هەردەم هاوکاری گەلی کوردستان و حکوومەتەکەی بێت، شایەنی باسە سەرۆکایەتی لاوانی سیاسیی ئەورووپا چەند داواکاریەکیان پێشکەش بە سەرۆکی حکوومەتی یۆنان کرد سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەران لەو وڵاتەدا و چەندین چالاکی لەمبارەیەوە ئەنجام دەدەن بۆ پشتگیریکردن لە پەنابەران لە وڵاتی یۆناندا.

سەرەتا لە دیدارەکەدا ئەم گەنجە کورده سوپاسی کریاکۆس میتسۆ تاکیسی سەرۆکی حکوومەتی یۆنانی کردووە بۆ ئەم دیدارە و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ خواستووە لە کارەکەیدا و سلاو و ڕێزی لاوانی ئەورووپا و کوردستانیشی پێڕاگەیاند.

فەلاح حەسەن، هاوکات نوێنەری لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە باسی لە ئەسینای پایتەختی یۆنان، فەلاح حەسەن جێگری سەرۆکی هەردوو ڕێکخراوی لاوانی سیاسیی جیهان و ئەورووپا، کە لاوێکی کورده، لەلایەن کریاکۆس میتسۆ تاکیس سەرۆکی تازەدەستبەکاربووی حکوومەتی یۆنان و هاوکات سەرۆکی پارتی دیموکراتی یۆنان (دیموکراسی نوێ) پێشوازی کرا.

پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال لە سەماوە ڕاوەستا

لە سەماوە تەرمی 75 ئەنفالکراو دۆزرایەوە



لێژنەیەکی وەزارەتی شەهیدان و کاروکاروباری ئەنفالکراوان لە پارێزگای سەماوەیە بۆ بەدواداچوون لەسەر گۆڕبەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوانی گەرمیان. بەڕێوەبەری گشتیی شەهیدانی گەرمیانیش دەڵێ، تا ئێستا 75 تەرم لە یەک گۆڕی بەکۆمەڵی سەردەمی ئەنفالی گەرمیانییەکاندا دۆزراوەتەوە. جەبار عومەر، بەڕێوەبەری شەهیدانی گەرمیان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: وەفدێکی باڵای وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان لە پارێزگای سەماوەیە بۆ بەدواداچوونی ئەو سێ گۆڕە بەکۆمەڵەی دۆزراونەتەوە و تا ئێستا یەک گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراوەتەوە. جەبار عومەر گوتیشی: لە لایەن پارێزگاری سەماوەوە سێ گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوانی گەرمیان دۆزراونەتەوە. ئێستا یەک گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراوەتەوە، 75 تەرمی تا ئێستا تێدا دۆزراوەتەوە، گەڕانیش بەردەوامە و دەگەڕێندرێنەوە بۆ زێدی خۆیان.

لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر داوای تاقانەی ئەنفال پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و ڕووفاتی خەڵکی ئەنفالکراوی سنووری گەرمیان لە سەماوە وەستاوە و وەزارەتی شەهیدانیش لەو بارەوە ڕوونکردنەوە دەدات. لەمبارەیەوە فواد عوسمان، گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: لەسەر داوای تەیموور تاقانەی ئەنفال پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و ڕووفاتی ئەنفال لە بیابانی سەماوە ڕاوەستاوە و ئێستاش تیمی وەزارەتی شەهیدان و تاقانەی ئەنفال و پارێزگاری سەماوە بۆ ئەم پرسە لە گفتووگۆ دان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە. عوسمان ئەوەشی خستەڕوو: تاقانەی ئەنفال" تەیموور" پێش ئەوەی ڕووفاتەکە هەڵبدرێتەوە، چەند داواکارییەکی هەبووە. جێی باسە ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام حوسێن ساڵی 1988 لە پرۆسەی ئەنفالی گەرمیانییەکاندا182 هەزار هاوواڵاتیی بێگوناحی گەلی کوردی ڕاپێچی دەشتاییەکانی عێراق کرد و زیندەبەچاڵی کردن.

مەهدی کاکەیی: هێزە عێراقییەکان نەیانتوانیوە ناوچەکانی داقووق بپارێزن



خەبات -ئارام شێرکۆ: چەند ڕۆژێکە دەستکراوە بە بۆردوومانی گوندەکانی سنووری داقووق و ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی کە بەهۆیەوە بە دەیان هاووڵاتی سڤیلی ناوچەکەش بوونەتە قوربانی و تاکو ئێستاش نەزانراوە تاوانبارەکان کێن و هێزە ئەمنییەکانیش دەڵێن داعشە.

لەمبارەیەوە جەلیل ئیبراهیم سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای داقووق بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: پێویستە بە زووترین کات هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی ئەم سنووره چۆڵ بکەن، چونکە ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدات بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ئەوان و جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی خۆیان وەک پێویست، ئەمەش گیانی هاووڵاتیانی ناوچەکەی زیاتر خستووەتە مەترسییەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای داقووق گوتیشی: ماوەی چەند ڕۆژێکە دەستکراوە بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و هاوەنبارانکردنی چەندان گوند لە سنووری داقووق و تاکو ئێستاش نەتواندراوە تاوانبارەکان دەستگیر بکرێن، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوەوە لەسێدارە دراوون.



عێراق... دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ

ڕووفاتی ئەو دیلە کوێتیانەی تیادایە کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا لەسێدارەدرا بوون

لە باشووری عێراق، گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە ڕووفاتی ئەو دیلە کوێتیانەی تیادایە کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاودا، لەسێدارەدرا بوون.

پارێزگاری موسەننا، ئەحمەد مەنفی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە، گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە یەکێک لە ناوچەکانی ئەو پارێزگایە دۆزراوەتەوە و ڕووفاتی ئەو دیلە کوێتیانەی تیادایە کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوەوە لەسێدارە دراوون. ئەحمەد مەنفی ئاشکرای کردووە کە گۆڕە بە کۆمەڵەکە بە پشتبەستن بە زانیاریی هەواڵگرییەکان لە لایەن هێزێکی ئەمنی و هەواڵگرییەوە دۆزراوەتەوە. ناوبراو باسی لەوەشکرد کە لایەنی پەیوەندیداری لە گۆڕە بە کۆمەڵەکە ئاگادارکردووەتەوە بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی یاسایی لەو بارەیەوە بگیرێتەبەر.

کوێت ڕایگەیاندووە لە میانی داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوەوە لە ساڵی 1990دا، 320 هاووڵاتی کوێت بێ سەروشوێن کراون و لە بەرامبەردا، عێراق ڕایگەیاندووە کە لەو ساڵەوە تا ئێستا، پێنج هەزار هاووڵاتی عێراقی بێ سەروشوێن. لە مانگی شوباتی ڕابردووشدا عێراق ڕایگەیاندبوو کە ڕووفاتی 300 هاووڵاتی کوێتی کە لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاوەوە لەسێدارە دراوون، ڕادەستی کوێت کردووە.

عێراق دووەم کاروانی زرێپۆشی جۆری BMP3 لە ڕووسیا وەردەگرێت



ڕاگەیەندرا کە وەزارەتی بەرگری عێراق دووەم کاروانی زرێپۆشی جۆری BMP3ی لە ڕووسیا وەرگرتووە. لە ماوەکانی ڕابردوودا، عێراق گرێبەستێکی بۆ کڕینی 300 زرێپۆشی جۆری BMP3 لەگەڵ ڕووسیادا واژووکردبوو و بەپێی گرێبەستەکە دەبێت تا ساڵی2022 ڕووسیا ئەو 300 زرێپۆشە ڕادەستی عێراق بکات. سەرچاوەیەک لە وەزارەتی بەرگری عێراق کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە لە چوارچێوەی گرێبەستەکەدا، دووەم کاروانی زرێپۆشی جۆری BMP3ی لە ڕووسیاوە گەیشتووەتە عێراق.

سەرچاوەکە ژمارەی ئەو زرێپۆشانەی ئاشکرانەکرد کە لە چوارچێوەی دووەم کاروانیدا لە ڕووسیاوە گەیشتوونەتە عێراق. لە مانگی ئابی ساڵی 2018دا، عێراق لە چوارچێوەی گرێبەستەکەدا، یەکەم کاروانی زرێپۆشی جۆری BMP3ی لە ڕووسیا وەرگرتبوو. جێی باسە لە ئێستادا سوپای عێراق خاوەنی تەنکی جۆری Abrams و ئەمەریکی، هەروەها تانک و زرێپۆشی ڕووسی و بولگارییە، بەدەر لەوەش ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگی لە جۆری 16Fی ئەمەریکی و هەروەها Sukhoiی ڕووسی و 50Tی کۆریای باشووری هەیە.





د عیرفان ڕەشید لە دیداری پەیامی عەمان لە ئوردون:

هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیسلامیی دەرهەق بە ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان لە ئاستی چاوەڕوانیدا نەبوو

ئامانج- خەبات: لە نێوان ڕۆژەکانی 14 تا 21ی ئەم مانگە لە شاری عەمانی پایتەختی شانشینی ئوردون، چلەمین دیداری پەیامی عەمان بەڕێوەچوو کە لە نێوان یازدە وڵاتدا کوردستانیش بە فەرمیی بانگهێشت کرابوو. پەیامی عەمان بۆ ئاشتەوایی و میانڕەویی و پێکەوەژیان و ڕەتکردنەوەی تیرۆر ساڵانە جارێک یان زیاتر لە ژێر چاودێریی شا عەبدوڵلای پادشای ئوردوندا دیدار و کۆبوونەوەی زانایانی وڵاتانی ئیسلامیی بۆ گرێ دەدرێت کە ئەمساڵ نوێنەرانی وڵاتانی سعودیەو ئوردون و لوبنان و ڕوسیا و تونس و جەزائیر و فەلەستین و سودان و ئەلبانیا و مەغریب و لە ناویشیاندا کوردستان تیایدا بەشداربوون.

لە پانێلێکی دیدارەکەدا دکتۆر عیرفان ڕەشید نوێنەری کوردستان کە هاوکات نوێنەری یەکێتی زانایانی ئیسلامیی هەرێمی کوردستانیش بوو تیشکی خستە سەر ئەو ئەرشیف و میژووە دەوڵەمەندەی کە کورد لە خزمەتکردنی زانستیی ئاینیدا پێشکەشی کردووە و ڕۆڵی زانایان و عاریفانی خەڵکی کوردستانی لە میژووی کۆن و تازەو هاوچەرخ و ئێستاشدا بە ڕوونی بۆ ئامادەبووان بە دیارخست کە چۆن هەمیشە وەک بەیداخی بەرزی زانست و مەعریفەی جیهانی ئیسلامی دەرەوشانەتەوەو هاوزەمان وەک سومبولی بیری میانڕەویی و هەوڵی پێکەوەژیان و تەبایی نێوان ڕەنگ و جۆرەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە.

لە لێدوانێکی کورتدا بۆ خەبات نوێنەری زانایانی هەرێمی کوردستان لەو دیدارە نێودەوڵەتییەدا سەبارەت بە باسکردنی مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردستان بۆ نوێنەرانی وڵاتانی ئیسلامیی گوتی:

زۆر ڕاشکاوانە مەسەلەی دووفاقیی هەڵوێستی زۆرێک لە دەوڵەتانی ئیسلامیمان لە دیدارەکەدا خستە بەر باس کە چۆن بە دووچاوی جیا سەیری مەسەلە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان دەکەن، وەک نموونەش باسی ئەو پالپشتییە زۆرەمان کرد کە بۆ فەلەستینییەکان و مەسەلەی فەلەستینی ئەنوێنن بەڵام لە ئاست دۆزی چارەنووسی کورد و خەڵکی کوردستاندا بێ هەڵوێست و بێدەنگن.

سەبارەت بە گلەیی خەڵکی کوردستانیش لە هەڵوێستی فەرمیی ئەو وڵاتە ئیسلامییانە ش لەمەڕ مەسەلەی ڕیفراندۆمی ئەیلوولی ساڵی 2017ی خەڵکی کوردستان نوێنەرەکەی کوردستان لە بەشداریکردنی پانێلێکدا ئەوەی بە گوێی هەموو لایەکدا دا کە گەلی کوردستان لەو ڕووداوو بابەتە چارەنووسسازەدا چاوەڕوانی زیاتری لە دەوڵەتانی ئیسلامیی دەکرد بەوەی پشتیوانییان لە برایانی ئاینیی خۆیان بکردایە لە بەدەسهێنانی ئەو مافانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەکی بەڕەوا دەزانێ و داکۆکییان لێدەکات. سەبارەت بەم باسەش دوکتۆرعیرفان وتی:

لە مەسەلەی ڕیفراندۆمیشدا بە هەموو لایەکمان ڕاگەیاند کە لە کاتی هەوڵەکانی سەرۆک مسعود بارزانی دا بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی لە داواو دەنگی خەڵکی کوردستان بۆ مافی چارەنووس زۆر کەم دەنگی پشتگیریی و هەڵوێستی فەرمی وڵاتانی ئیسلامیمان بیست کە ئێمە وەک گەلی کوردستان لەمە زیاترمان لە هاوئاینییەکانمان چاوەڕێ ئەکرد.

دیداری ئەمجارەی عەمان کە بە وتارێک وەک خوێندنەوەو پێناسەو ڕاگەیاندراوی کۆبوونەوەو گفتوگۆکان کۆتایی بەکارەکانی هێنا، لە لایەن نوێنەرانی سەرجەم وڵاتانی بەشداربووەوە ئەو وتارەیان دایە کوردستان و لە لایەن نوێنەری زانایانی کوردستان لە بەردەم زانایانی ئەو وڵاتانەوگەورە بەرپرسانی دەوڵەتی شانشینی ئوردوندا بە پۆشاکی ڕەسمی کوردییەوە پێشکەشکرا.

پەیامی عەمان

ساڵی 2004 شا عەبدوڵلای ئوردون چەند مەسەلەو پرسیارێکی لەبەر دەم زانایانی ئاینی ئیسلامیی وڵاتانی جیهانی ئیسلامدا خستە ڕوو تا بتوانن هەموویان پێکەوە لە وەڵامی زانستییانەی شەرعی دا بابەتی پێکەوەژیان و ڕەتکردنەوەی تووندڕەویی و تیرۆر تاوتوێ بکەن. لە وەڵامدانەوەی ئەم بانگەوازەی شای ئوردوندا زیاتر لە پێنجسەد و شەست زانای ناوداری جیهانی ئیسلامیی ناوەڕۆکی ئەو نامەیەیان دەوڵەمەند کرد و شا عەبدوڵلاش لە چەندین کۆڕ و دیداری وڵاتاندا ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی باسکرد کە وەک کۆدەنگییەکی زانایانی ئیسلام ببێتە ڕاو پێناسەی حەقیقی ئیسلام و موسڵمانان لەسەر مەسەلە پەیوەندیدارەکانی پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی نێوان گەلانی جیهان. لەو میژووەوە تا ئێستا چل دیدارو کۆبوونەوەی لە پێناودا سازکراوە.



ئاریان فەرەج

کالکان، ڕوون و ڕەوان

دۆران کالکانی ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە ئەوەی ژێر بەڕەی هێنایە سەر بەڕە، بێ شەرم و پێچ و پەنا ڕایگەیاند ئەوان دژی ئازادیی باشووری کوردستانن و ئەرکیان تێکدانی ئەو سەقامگیری و ئازادییەیە، چونکە وەک دەڵێ: یان دەبێ هەموو پارچەکان پێکەوە، یان نابێ باشوور بە تەنیا ئازاد و سەقامگیر بێ.

جیاوازی هەڵوێستی پەکەکە لەگەڵ ناحەزان و داگیرکەرانی کوردستان تەنیا لە دارشتنی زمان و پێش وپاشی وشەکاندایە، پەکەکە دژی ئازادیی باشووری چونکە پارچەکانی دیکە ئازاد نین، داگیرکەرانیش دژن چونکە پێیان وایە ئازادی و پێشکەوتنی ئەم پارچەیەی کوردستان، دەبێتە هەوێن و هاندەر و مایەی ئازادیی پارچەکانی دیکە، بە نەتیجە هەردووکیان دژن و ئەرکیان تێکدانی باشووری.

بۆیە کاتێ لە قەندیلەوە پیلان بۆ کوشتنی دیبلۆماتکارێکی تورک لە هەولێر دادەڕێژن، ئامانجیان لێدان و تێکدانی ئەمن و ئاساییشی باشووری نەک خەبات بۆ ئازادیی باکور، دەنا نە هەولێر ئامەد و شرناخی داگیرکراوە و نە هۆقەباز چیای ئاگرییە و نە دیبلۆماتکار چەک لە شانە و نە ئەو دوو گەنجە بێ گوناهەی بێ باکانە شەهیدیان کردن، داگیرکەری باکورن.

کالکانی بە ڕەگەز تورک گومانێکی نەهێشتەوە کە ئەوەی لە لایەن پەکەکەوە بە ئامانج گیراوە و دژایەتی دەکرێت، ئەم هەرێمەیە، سەقامگیری و ئەمنیەت و ئازادی و ژیانی خەڵکەکەیەتی، پەلکێشی سوپای تورک بۆ باشوور، بۆ ئەوەیە باشوور تێکبچێ نەک بۆ ئەوەی باکور ئازاد بێ.

سەنگەرگرتنی پەکەکە بە دەرجەی یەک لە پارتی هۆکارەکەی هەر ئەوەیە کە پارتی سەنگەری یەکەم و سەرسەختی بەرگرییە لەم هەرێمە، دەنا پیلانی پەکەکە دژی هەمووانە بە حکوومەت وئەحزابەوە.

بە دڕێژایی میژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لە هەر پارچەیەک ئومێدێک، تروسکایییەک، دەسکەوتێک، دەرفەتێک بەدیکرابێ، هەموو پارچەکانی دیکە پشتیوانییان لێکردووە و بە دەسکەوت و ئومێدیان زانیوە بۆ هەموو نەتەوەی کورد، لۆژیکی پەکەکە بۆ تێکدانی ئازادی و ئەزمونی باشوور، تا سەر ئێستقان نامێنە بەو هاوپشتییە نەتەوەییە و بەو میژووە، هۆکارەکەش ئەوەیە خودی پەکەکە تەنێکی نامۆیە بە کوردایەتی و بە ئامانجە بالاکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد.

ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک:

بەردەوامبوونی تەعریب لە کەرکووک گرفتێکی گەورە دەخاتە نێوان پێکهاتەکانەوە



ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک گوتی، پڕۆسەی تەعریب لە سنووری کەرکووک بەردەوامە و ئەوان حکوومەتی عێراقیان ئاگادار کردووەتەوە و حکوومەتی عێراق لەو کارە بەرپرسیارە و ئەگەر تەعریب بەردەوام بێت گرفتێکی گەورە لە نێوان پێکهاتەکاندا دەکەوێتەوە و یەکەمجاریش زیان بە عەرەبی ڕەسەنی شارەکە دەگات. ئاماژەیشی دا، ئەو کردەوانەی لە سنووری کەرکووک بە ناوی داعشەوە دەکرێن هێزی میلیشیان لە پشتەوەیە. ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، شاخەوان عەبدوڵلا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: پێویستە پڕۆسەی تەعریب ڕابگیرێت و حکوومەتی عێراق ئەو بەرپرسیارەتییە هەڵبگرێت و لە بەغداش قسەمان لەسەر ئەو پرسە کردووە، ئەگەر تەعریب ڕانەگیرێت گرفتی گەورە دەکەوێتە نێوان پێکهاتەکانەوە و پێش ئەوەی زیان بەکورد بگات زیان بە عەرەبی ڕەسەن دەگات، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەین تەعریب ڕابگیرێت.

شاخەوان عەبدوڵلا دەشڵێت: هەندێک لە هێزەکانی عێراق لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەدا عەرەب هاورده دەکەن و هاوکارییان دەکەن، ئەگەرنا عەرەب ناتوانێ بچێتە سنووری کەرکووک بۆ تەعریبکردن. ئەو ئەندامەی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک باسی لەوەش کردووە: ئەو لیژنانەی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک پێکهاتوون، پێویستە ئیدی گفتوگۆکان تەواو بکەن و دەست بە هەنگاوی کرداری بکەن، بۆ ئەوەی چی تر لەو ناوچانە تەعریب نەکرێت.

شاخەوان عەبدوڵلا گوتیشی: ئەو کردەوانەی لە سنووری کەرکووک ڕوو دەدەن تەنیا کاری داعش نین و هەندێک هێزی میلیشیا پشتگیریان دەکەن بۆ ئەوەی ناوچە کاکەییەکان و گوندەکانی داوده و تالەبانیی سنووری داقووق چۆڵ بکرێن و کورد لەو ناوچانە نەمێنێت و بە بەرنامە ئەو کارە دەکرێت بۆ ئەوەی تەعریب لەو ناوچانەش بکرێت.



ئێران لەپێناو دڕووستکردنی دووەم وێستگەی ئەتۆمیی هەنگاوی یەکەم دەنێت

سەرۆکی دامەزراوەی وزەی ئەتۆمی ئێران، عەلی ئەکبەر سالحی، ئاشکرایکرد مانگی داهاتوو بناغەی دووەمین وێستگەی ئەتۆمیی ئێران دادەنرێت. عەلی ئەکبەر سالحی لە لێدوانێکدا بۆ میدیای حکوومیی وڵاتەکەی، باسی لەوەکردووە وێستگە ئەتۆمییەکە هاوشێوەی ئەوەی یەکەم لە کەناری کەنداوی بەسرە، لە پارێزگای بووشەهر دەبێت. سالحی جەختی لەوەشکردووەتەوە کە لە ناوەڕاستی مانگی ئابی داهاتوودا بناغەی وێستگەی ئەتۆمیی ژمارە دوو دادەنرێت و بڕیار وایە لە ماوەی شەش ساڵدا وێستگەکە دەست بەکارکردن بکات.

ئاماژەی بەوەشکردووە دوای هەشت ساڵی دیکە وێستگەی ئەتۆمیی ژمارە سێ لە بووشەهر دڕووست دەکرێت.

سەرۆکی دامەزراوەی وزەی ئەتۆمی ئێران تیشکی خستووەتە سەر ئەوەش کە کارەکانی نوێکردنەوەی کارلێککاری ئاراک، لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی بە هاریکاریی بەریتانیا و چین، بەردەوامە.

ئێران هەوڵی تاقیکردنەوەی مووشەکی بالیستیکی پشتڕاست کردەوە

گەورە بەرپرسێک لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێران ڕایگەیاند کە لە میانی پێویستی بەرگری وڵاتەکەیدا مووشەکی بالیستیکیان تاقیکردۆتەوە و ئەمەیش بە "چالاکییەکی ئاسایی" لەقەڵەم دا. ئاژانسی هەوالی فارس کە ئاژانسی نیمچەفەرمی دەوڵەتی ئێرانە لە زاری گەورە بەرپرسێک لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێران کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت هەوالی تاقیکردنەوەی مووشەکی بالیستیکی پشتڕاست کردەوە و ئەمەیشی بە "چالاکییەکی ئاسایی" لەقەڵەم دا لە میانی پێویستی بەرگری وڵاتەکەدا.

گەورە بەرپرسەکە ڕاشیگەیاندووە: هێزی مووشەکی ئێران بە تەواوی بۆ بەرگریکردنە لە خۆی و دژی هیچ وڵاتێک نییە. وەڵامە بۆ ئەگەری هەر هێرشێک بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران. ئێران بۆ بەرگریکردن لە خۆی پێویستی بە ڕەزامەندی هیچ هێزێکی جیهان نییە. بەرگریکردن لە ئێران ئەرکی سەرەکی دەوڵەت و سوپایە.



ئەیاد حەسەن: جوولّەی بازرگانی لە ئیبراهیم خەلیل زیادی کردووە




ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانیی دهۆک بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، دوای کردنەوەی ڕێگاکانی بازرگانی لە نێوان هەرێم و بەغدا، لە ئێستادا جموجۆڵی بازرگانی ڕۆژ بەرۆژ لە زیادبوونداید ایە و هیچ بەربەستێکیش لە بەردەم بازرگانانادا نەماوە، بەڵام لە پارێزگای مووسڵ حکوومەتی عێراق وەکو پێویست هاوکاریی خەڵکی شارەکەی نەکردووە لە ڕووی جێبەجێکردنی پرۆژە لە پارێزگاکەدا، بۆیە تا ئێستا بازرگانیش نەیانتوانیوە وەکو پێویست لەو شارە کار بکەن، بەڵام لە خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیل ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو جموجۆڵی بازرگانی زۆر زیادی کردووە. حەسەن گوتیشی، چەندین هۆکار بوونەتە هۆی ئەوەی جموجۆڵی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان زیاد ببێت، لەوانە باشبوونی پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا و دۆخی سیاسی و ئەمنی و بوونی پەیوەندیی باشی نێوان ژووری بازرگانیی نێوان هەرێم و بەغدا و هاندانی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، کە بەردەوام ڕوو لە هەرێم دەکەن. ناوبراو باسی لەوەش کرد، بڕیارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بودجە بۆ هەموو کەرتەکان دابین بکات، لەوانە کەرتی تەندروستی و پەروەردە و ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی ستراتیژی و وەبەرهێنان، ئەمەش وا دەکات جوولّەی زیاتر بکەوێتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

بەرپرسی لقی 16 ڕۆڵی هێزەکانی ناوخۆ لە پاراستنی ژیان و ماڵی هاوواڵتیان بەرزنرەنرخێنێت



لەدرێژەی کارو چالاکییە بەردەوامەکانیدا، لێژنە ناوچەی نەورۆز بە ئامادەبوونی تەیب ئەرار شێروانی کارگێڕی لق و ژمارەیەکی زۆر لەڕێکخستنی هێزەکانی ناوخۆ لە سنووری دەوروبەری شاری هەولێر سیمنارێکی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد. لەدەسپێکی سیمنارەکەیدا بەرپرسی لقی 16 ڕۆڵی هێزەکانی ناوخۆی لە ڕێکخستن و پاراستنی هاونیشتمانیان و دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان بەرز نرخاند، کە هەمیشە بەوپەڕی بوێری و لەخۆبردوویەوە ماندوونەناسانە ئەرکەکانیان جێبەجێکردووە لەپێناو پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان ، بۆیە پێویستە هەوڵی زیاتر بدەین لەپێناو سەقامگیری و هێمنی و ئارامی کوردستاندا. لەبەشێکی دیکەی سیمنارەکەیدا ڕۆشنایی خستەسەر دواینِ ڕووداوو پێشهاتە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەتایبەتی پرسی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خەڵکی کوردستان ئومێدی گەورەیان لەسەر هەڵچنیوە. هەروەها ئاماژەی بە سەردانی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایی کاک مەسرور بارزانی کرد بۆ بەغداو بە مەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاوو پێویست بۆ تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەپێی دەستوور. دواتر لەلایەن بەشداربووانی سیمنارەکەدا چەندین پرسیارو پێشنیارو داواکاری خرانەڕوو لەلایەن بەرپرسی لقی16ی هەولێر وەڵام درانەوە.

هەولێر... بڕیاری فراونکردن و نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتی ناسراو بە کتێبخانەی زەیتوون درا



نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا پێشوازی کرد لە کوانگ جین چۆی کونسوڵی گشتی کۆریای باشور لەهەولێر و شاندی یاوەری. لە دیدارێکدا جەخت لە پتەوتەرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و سیئۆل کرایەوە کە لە بوارەکانی کلتووری و سیاسی و ئاوەدانی و ئیداری هەماهەنگی زیاتر بکرێت، کاتێک کۆریای باشوور بۆ هەرێمی کوردستان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. تیشکیش خرایە سەر پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییە پتەوە و لەم سۆنگەوە بڕیار درا بە فراونکردن و نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتی ناسراو بە کتێبخانەی زەیتوون و کردنەوەی بەشی کلتووری تایبەت بەو وڵاتە، لە پێناو ئاڵوگۆڕی زێتری پەیوەندییەکان و ئاشنایەتی زیاتری هەردوو نەتەوەی کورد و کۆری. ستایشی ئەو ئاوەدانی و پێشڤەچوونە کرا کە لههەرێمی کوردستان لە دوای شەڕی داعش دروست بووە، هیواشیان خواست کە بەردەوامی هەبێت و ئامادەیی وڵاتەکەشیان دەربڕی بۆ بەردەوامی و هاوکاری و هەماهەنگی.

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی 53 تۆمەتباری ڕاگەیاند

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلّعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕوونیکردەوە: هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و نەهێشتنی تاوان هەمیشە چاوکراوەن لە پێناو پاراستنی سەرو ماڵ و گیانی هاوواڵتیان و ئەو هێمنی و ئارامیە وایکردووە کە گەشتیاران و خەڵکی بیانی بە فراوانی ڕوو لە کوردستان بکەن، دەربارەی ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی کە دەستگیرکراون، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی: لەدوای جەژنی ڕەمەزانەوە لەلایەن هێزەکانی پۆلیس 53 تۆمەتبار دەستگیرکراون، کە تاوانی جیاجیایان ئەنجام داوەو لەنێوانیان 7 کەس بە تاوانی کوشتن تۆمەتبارن، جگەلەوەش 3 باندی دزیکردن دەستگیرکراون، کە تۆمەتبارن بە دزینی کەلوپەلی ناو ژمارەیەک ئوتومبێل.



لە مەککەی پیرۆز خولێکی ڕێنمایی بۆ حاجیانی پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو

خەبات- حەمە ئەحمەد جاف ـ عەرەبستانی سعودی: بەمەبەستی خستەڕووی وردەکارییەکانی فەریزەی حەج و ئامادەکارییەکان بۆ پێشوازیکردن لە وەرزی حەجی ئەمساڵ شەوی هەینی /2019 7/26 لە هۆڵی هوتێل ئیبراج لە مەککەی پیرۆز بە سەرپەرشتی مامۆستا شێخ ئیبراهیم بەرزنجی بەڕێوەبەری ئیرشاد و تۆژینەوەی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی موڕشیدانی ئایینی حەج و ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی ئیداری و ئیعلامی و خاوەن کۆمپانیاکانی حەج و عومرە، خولێکی ڕۆشنبیریی و ڕێنمایی بۆ حاجیانی سنووری پارێزگای هەولێرکرایەوە. مامۆستا شێخ ئیبراهیم بەرزنجی سلاوی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرەی کوردستانی گەیاندە حاجیان و گوتی: ئەوان هەمیشە لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خزمەتی میوانانی ماڵی خوای گەورە بکرێت. دواتر باسی هەندێک ڕێکار و ڕێنمایی پێویستی ئایینی حەج و کاروباری کارگێڕی فەرمانبەران و ئاسانکاری بۆ خزمەتی حاجیانی ماڵی خوا کرد بە مەبەستی ڕێکخستنی حاجیان و ئامادەکردنیان بۆ بە ئەنجامگەیاندنی فەریزەی حەج بە جوانترین و باشترین شێوە بۆ ئەوەی تووشی گیروگرفت نەبنەوە. شایانی باسە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە حاجیانی کوردستان گەیشتوونەتە شاری مەککەی پیرۆز و ڕۆژانە لەلایەن لیژنە تایبەتییەکانی حەجەوە پێشوازی دەکرێن و بەسەر دەکرێنەوە. جێگای ئاماژەیە ئەم خولە تا دەستپێکردنی مەراسیمی حەجی پیرۆز بەردەوامی دەبێت.



بارزان... خولێکی زمانی ئینگلیزی کۆتاییهات

مسلم دوڵەمەری- بارزان: بەئامادەبونی ژمارەیەک لە بەرپرس و نوێنەرانی ئیداری وحزبی و ڕێکخراوی لێژنە ناوچەی مەزنێتی سەر بە لقی مێرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، خولێکی زمانی ئینگلیزی کۆتایی هات. لە خولەکە 40 قوتابی بەشدار ببوون و ماوەی یەک مانگ بەردەوام بوو. لە کۆتاییشدا لەلایەن لقی مێرگەسۆری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بڕوانامەی ڕێزلێنان بەخشرایە بەشداربووان.



56 قوتابیێن دەرچویێن ئێکێ ییێن قوناغا 12ێ ئامادەیی و 9ێ بنەرەتی هاتنە خەلاتکرن



خەبات- دهوک: ئێڤاریا ڕۆژا 2019/7/25ل هولا کونفرانسان ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ وب ئاماەبونا عمر علی تەها ڕێڤەبەرێ گشتی ییّ پەروەردێ وسەمیانێن قوتابییان ڕێ ورسمێن خەلاتکرنا 56قوتابیێن سەرکەفتییّن ئێکێ ییّن قوناغا 12ێ ئامادەیی و9ێ بنەرەتی ل سەر ئاستێ پاریزگەهێ هاتنە گێران. لبەراهیێ ڕێڤەبەرێ گشتی ییّ پەروەردێ پەیڤەک خاند وگوت: ئەڤ ڕێ و ڕسمە د هێنە گێران وەکو هاندەرەک بوو قوتابیّن دی کو چاڤ ل قوتابیّن سەرکەفتی بکەن و سوپاسیا پاریزگەرێ دهوکێ و هەمی فەرمانگەهێن حکومەتێ کر هەمبەر ئەو پشتەڤانییا بو پەروەردێ و قوتابییان دکەن و پیروزباهییا هەر 56قوتابیّن سەرکەفتییّن ئێکێ ل سەر ئاستێ پاریزگەهێ کر کو دوو ژ وان ل سەر ئاستێ هەرێمێ نمرێن بلند ب دەستڤە ئینانە، هەروەسا پیروزباهی ل سەمیانێن هەمی قوتابییّن سەرکەفتی کر. هەر ب ڤێ هەلکەفتێ پاریزگەرێ دهوکێ پەیڤەک پێشکێشکر و بناڤێ خو وکارگێریا پاریزگەهێ پیروزباهییا هەموو قوتابییّن سەرکەفتی ل سەر ئاستێ کوردستانێ و پاریزگەهێ کر. پاشی ڕێورەسمێن خەلاتکرنێ هاتنە گێران و خەلاتێن پاریزگەرێ دهوکێ وپەروەردێ ل سەر سەرکەفییّن ئێکێ هاتنە بەلاڤ کرن.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێز خانەوادەی خوالێخۆشبوو حاجی ئەحمەد هەرکی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ حاجی ئەحمەد هەرکی- مان پێگەیشت.

وێڕای دەربڕینی هاوخەمیمان بۆ خانەوادە بەڕێز و کوردپەروەرەکەتان سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزمانی هەرکی و دۆستانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز قائید میرۆ مزوری

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و کەسایەتی نیشتمان پەروەر، خوالێخۆشبوو میرۆ ڕەشید پیرۆ- ی باوکی بەڕێزتان.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبوری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون
دەزگای ڕۆژنیبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

***

هاوکارمان قائید میرۆ مزوری

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و تەواوی ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و دۆستانتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین، لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبێت بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامیش بە هەمووڵایەک ببەخشێ.

انا لله و انا الیه راجعون





تا ئێستا 80 هەزار کەس سەردانی کردوون و کار بۆ فراوانترکردنی دەکرێت

نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ لە هەولێر، دوو ئامێری دیکەی قەستەرە زیاد دەکات

نرخی نەشتەرگەری قەستەرە لەسەنتەری دڵ بەبەراورد لەگەڵ نەخۆشخانە ئەهلییەکان زۆر هەرزانترە

ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ لە هەولێر نەخۆشخانەیەک لە پێناو چارەسەرکردن و ڕزگارکردنی نەخۆشانی دڵ دامەزراوە جگە لە شارەکانی کوردستان نەخۆشانی شارەکانی دیکەیش بەمەبەستی چارەسەرکردن ڕووی تێ دەکەن و بۆ زیاتر گرنگیدان بەو نەخۆشخانەیە لەلایەن حکومەتی هەرێم بودجەیەک بۆ فراوانکردنی نەخۆشخانەکە تەرخانکرا سەبارەت بە ئیش و کارەکانیان سەردانیمان کردن.



د. کامیل نامیق:
ژمارەی ئامێرەکان دەبێتە چوار و دەتوانین ڕۆژانە 50-60 قەستەرەی دڵ بۆ نەخۆشەکان بکەین

بەگوتەی دکتۆر کامیل نامیق پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی پسپۆڕی نەشتەرگەری سەنتەری دڵ، ئەو سەنتەرە لەساڵی 2007دەوە توانیویەتی هەزاران کەس چارەسەر بکات بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ و تاکە سەنتەرە لەسەرتاسەری هەولێرو نەخۆشانی شارەکانی دیکەی عێراق سەردانی دەکەن بۆ چارەسەرکردن و ئەنجامدانی قەستەرەو بالۆن و نەخۆشانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عیراقیش سوودێکی بەرچاویان لەو سەنتەرە وەرگرتووەو لەوتەی ئەو نەخۆشخانەیە دامەزراوە توانیویەتی چارەسەری نزیکەی هەشتا هەزار کەس بکات لەوانە توانراوە (7) هەزارو (200) نەشتەرگەری لەو سەنتەرە ئەنجامدراوە جگەلەوە توانراوە زیاتر لە(35) هەزار قەستەرەو شەبەکەو بالۆن کراوە، بەرلە دامەزراندنی ئەو سەنتەرە نەخۆشانی دڵ بۆ چارەسەرکردن ڕوویان لە ولاتانی دەرەوە دەکردو پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ و بەهەوڵ و کۆششی دڵسۆزان لەکۆتایی ساڵی 2007توانرا ئەو نەخۆشخانەیە دروست بکرێت، هەرچەندە باڵەخانەی سەنتەرەکە بچووکە، بەڵام ڕۆژانە لەو سەنتەرە نزیکەی (7-8)نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت جگەلە دانانی شەبەکەو بالۆن و لەسەنتەرەکە نزیکەی 15پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری دڵ لەو سەنتەرە شەو و ڕۆژ لەخزمەتی هاوڵاتیاندان، لەگەڵ (20) پزیشکی نەشتەرگەری دڵ لە سەنتەرەکە نەشتەرگەری دڵ دەکەن، پزیشکانی سەنتەرەکە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە زانیاری تازە لەسەر نەخۆشی دڵ وچۆنیەتی چارەسەرکردن بە تازەترین ڕێگا بەشداریان لە مەشق و ڕاهێنان کردووە لە دەرەوەی وڵات، لە هەردوو وڵاتی هیندو ئەڵمانیا، لێرەدا ئەوەی کە زۆر گرنگە باسی بکەین ئەنجامدانی نەشتەرگەری کارێکی وائاسان نییەو کارەکانیان زەحمەت و ماندووبوونە جاران نەخۆشانی دڵ بۆ ئەو نەشتەرگەریە سەردانی وڵاتانی دەرەوەیان دەکرد لەبەر نەبوونی نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ، لەوتەی سەنتەرەکەش کراوەتەوە هاوڵاتیان وازیان لەسەردانی کردنی دەوەی وڵات هێناوەو بۆ چارەسەرکردن و لەشاری هەولێرو لەناو کەسوکاری خۆیان نەخۆشانی دڵ نەشتەرگەری و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکیان پێشکەش دەکرێت.

زیادبوونی جەڵتەی دڵ بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە

دکتۆر کامیل نامیق پزیشکی پسپۆڕی هەناو و دڵ و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: لەماوەی چەندین ساڵ بەسەرکردنەوەی ئەو سەنتەرەو شارەزایی پزیشکانی خۆمان لەکوردستان نەشتەرگەری دڵ و قەستەرەو بالۆن لەشاری هەولێرو لەنەخۆشخانەی سەنتەری دڵ بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێت دوای ئەوەی کە ژمارەیەک پزیشکی کوردستان لە دەرەوەی وڵات مەشق و ڕاهێنانیان کردو شارەزاییەکی تەواویان لەو بوارە وەرگرت و ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ نەشتەرگەریەکی وا ئاسان نییە، بەڵکو زۆر زەحمەتە ولەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری زۆر ماندوو هیلاک دەبن مایەی خۆشحاڵییە، کە ئەمڕۆ لە کوردستان پزیشکانی کوردستان خاوەن ئەزموونن لە بوارە جیاجیاکانی پزیشکی و نەشتەرگەری گەورەو دەگمەن ئەنجام دەدەن، ئەگەرچی جاران هاوڵاتیان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ سەردانی وڵاتانی دراوسێیان دەکردو پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد، بەڵام لەوتەی ئەو سەنتەرە کراوەتەوە سەردانی وڵاتان ناکەن و بەهەرزانترین نرخ لەچاو نرخی نەخۆشخانەی ئەهلی و کەرتی تایبەت لەو سەنتەرە تواناوە نەشتەرگەری گەورەو دەگمەن ئەنجام بدرێ، یەکێک لەوانە نەشتەرگەریەکیان بۆ منداڵێک ئەنجامدا کە بۆ یەکەمجاربوو ئەو جۆرە نەشتەرگەرییە ئەنجام بدرێت بەهاوکاری تیمێکی وڵاتی هیندستان بوو نزیکەی هەشت کاتژمێری خایاندو نەشتەرگەریەکەش بەسەرکەوتویی کۆتایی هات، لەبەر زۆری ژمارەی نەخۆشان و بچووکی نەخۆشخانەکەو زۆربی سەردانیکردنی خزم و کەسوکاری نەخۆش هەراسان بووین، پێویستە کەسوکاری نەخۆش هاوکارمان بکەن بە کەمکردنەوەی سەردانیکردنی نەخۆش و چەندین جار تەختەی خەوتنی نەخۆشان لەلایەن کەسوکاری نەخۆشەوە شکاوە، پێویستە کەسوکاری نەخۆش پارێزگاری لەکەلوپەلی نەخۆشخانەکە بکەن و بەمالێ خۆیانی بزانن.

تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ فراوانکردنی نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ

بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکە گەورەتر بکەین هەوڵماندا پارچەیەک زەوی تەنیشت نەخۆشخانەکە وەرگرین تا نەخۆشخانەکە فراوانتر بکەین و ماوەیەکە دەست بە ئەنجامدانی فراوانکردنی نەخۆشخانەکە کراوەو لەلایەن بەڵێندەرەوە کاری فراوانکردنەکە دەستی پێکراوە، جگە لەوەش لەگەڵ باڵەخانەکەش بڕیارە دوو ئامێری قەستەرەی تازە دابین بکرێت و ڕەزامەندی بۆ ئەو ئامێرانە وەرگیراوەو بودجەشی بۆ دابینکراوەو کاری لەسەر دەکرێ و بۆ چەند ڕۆژێکی دیکە کاری ئامێرەکان تەواو دەبێت و لەخزمەتی نەخۆشاندا دەبێت، واتا ژمارەی ئامێرەکانی قەستەرە دەبێتە چوار ئامێرو ڕۆژانە نزیکەی 30نەخۆش قەستەرەیان بۆ ئەنجام دەدرا دوای دانانی ئەو دوو ئامێرە ژمارەی ئەوانەی کە قەستەرەیان بۆ ئەنجام دەدرێت دەگاتە (60-50) قەستەرەو شۆێنەکەو ژمارەی ئامێرەکان زیاد دەکات جگەلەوەش بەنیازین ئامێرێکی (ئێم ئار ئای) موگناتیسی بۆ دڵ دا بنێین و کارمان لەسەر کردووە، کە لەماوەی یەک ساڵ باڵەخانەکە تەواو دەبێت و ژمارەی تەختی نەخۆش زیاتر دەبێت لەگەڵ زیادکردنی هۆڵێکی بۆژانەوەی گەورەتر و 12تەختی نەخۆشی تیا دەبێت لەگەڵ دروستکردنی چێشتخانەیەکی مۆدێرنی تازە بۆ سەنتەرەکەو پرۆژەکە دەستی پێکردووە.

جەڵتەی دڵ زیادی کردووە

دواتر دەربارەی زیادبوونی جەڵتەی دڵ دکتۆر کامیل نامیق بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ گوتی: چەندین هۆکار هەیە بۆ جەڵتەی دڵ وەک وەرزش نەکردن و نەجوولان و خواردنی فاست فودو لەهەمووی گرنگتر کێشانی نیگرەلەو جگەرە لەلایەن گەنجانەوە، کە ڕۆژانە ژمارەیەک لە گەنجان سەردانیمان دەکەن و باس لەکێشانی نیگرەلەو جگەرە دەکەن و دەڵێن ڕۆژانە (4-3) جار نیگرەلەو (3-2) پاکەت جگەرەش دەکێشین دیارە، ئەو گەنجانەش تەمەنیان لە نێوان (25-20) ساڵانەو لەو تەمەنە کورتەی ژیانیان تووشی جەڵتەی دڵ دەبن، بۆیە پێویستە بەزووبی ئەو شتانە واز لێ بهێنن بۆ ئەوەی خۆیان لە جەڵتەی دڵ دوور بخەنەوە، پێویستە ئەو گەنجانە ئەو ڕاستیە بزانن کە نیگرەلەو جگە لە خراپی، تووشی جۆرەها نەخۆشیت دەکات بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لە گازینۆکان نیگرەلە دەکێشن، تووشی نەخۆشی سیل و سینگ و دەبن و داوایان لێ دەکەین کە تازووە دوور بکەونەوە لە کێشانی نیگرەلە، ئێستا نیگرەلەی ئەلیکترۆنیش پەیدابووە کە هێشتا بەتەواوی زیانەکانی ئەوە دیارنەکەتووەو شتێکی تازەیە، بەڵام هەقوایە وەزارەتی تەندروستی بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان یاسایەک دەربکات بۆ نیگرەلەی نێو گازینۆکان تا سنورێکی بۆ دابنرێت، هەرچەندە وەک من بزانم کاری لەسەر کراوە، بەڵام هێشتا کاری زیاتری دەوێت، دەبێ ئەو شوێنانە لە ژێر چاودێری لایەنە پەیوەندیدارەکان دابن، ئەوانەی کە دێن بۆ قەستەرەو شەبەکەو بالۆنیان بۆ دەکرێ هەموو جۆرە تەمەنێکی تیایەو داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە ڕۆژانە وەرزش بکەن بۆ ئەوەی دوورین لە جەڵتەی دڵ.

نرخەکان لەچاو نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکان گران نییە

دواتر دکتۆر کامیل نامیق بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ گوتی: لەسەنتەری دڵ نرخی نەشتەرگەریەکان گران نین بەبەراورد لەگەڵ نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکان، ئەو بڕە پارەیەی کە وەری دەگرین لە نەخۆشان نرخەکەی زۆر هەزانترە و بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ نزیکەی (3) ملیۆن دینارە و لەنەخۆشخانە ئەهلییەکان نرخەکە یەکجار گرانترە و ئەنجامدانی قەستەرە (300) هەزار دینارەو نرخەکە لە دەرەوەی سەنتەرەکە بە (70-60) وەرەقەیە، بۆیە نرخەکان لە سەنتەری دڵ یەکجار هەرزانترەو کارەکانی ئێمە لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەو لە پێناو بەرژەوەندی هاوڵاتیان کارە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکەین و پزیشکانی کوردستان شارەزایی تەواویان هەیەو خاوەن ئەزموونێکی باشی پزیشکین لە بواری نەشتەرگەری دڵ و چەندین تیمی وڵاتان دێنە سەنتەرەکەو بەهاوکاری پزیشکانی خۆمان نەشتەرگەری بۆ منداڵان بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدەن.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەنتەری دڵ:
پزیشکەکانمان لە وڵاتانی ئەڵمانیا و هیندستان مەشق و ڕاهێنانیان کردووە



www.xebat.net
یەک شەمە 2019/7/28 ژمارە (5798)
خەبات

قڕکردنی بارزانییەکان
لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە تا سەدام



سیامەند سێلکی

بەدرێژایی زیاتر لەیەک سەدە،بارزانییەکان لەپێناو رزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان بونەتەوە و.بەردەوام ژیانی بن دەستی و تەسلیم بوون بەئیرادەی داگیرکاریان ردە کردوتەوە و ، مردنێکی شەرەفمەندانە و سەربەرزانەیان لەپێناو رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان هەلبژاردووە. لەهەمو سەردەمێکدا ئەمە بنەمایەکی نەگۆڕ و چەسپاو بوە لەفەلسەفەی فکری و عەقائیدی بارزانییەکاندا و بۆتە بەشێک لەفەرهەنک و کلتووری خەڵکی ناوچەکە.

پابەندبوونی بارزانییەکان بەم بنەما فکریانە و ، بەردەوام بوونیان لەسەر خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە.ئەو باوەڕەی لای داگیرکەرانی کوردستان دروست کرد کە بەبێ لەناوبردن و قڕکردنی یەکجارەکی بارزانییەکان، کوتاییهێنان بەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی کورد شتێکی مەحاڵە. لەم سونگەیەوە بەدرێژایی زیاتر لە یەک سەدە و لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەکانەوە تا سەدام حسێن، داگیرکەرانی کوردستان لەپرۆسەیەکی بەردەوامدا و ، لەچەندین قۆناغی جیاوازدا پیلانیان بۆ قڕکردن و لەناوبردنی یەکجارەکی بارزانییەکان دارشتووە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەی قڕکردن و لەناوبردنی بارزانییەکان لەچەند خاڵێکدا پوڵێن بکەین و باسیان لێوە دەکەین.

قۆناغی یەکەم:

لەنێوان ساڵانی (1907بۆ 1914) بارزانییەکان بەرابەرایەتیی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزان و لەپێناو ماف و داخوازییەکانی کورد ڕووبەڕووی داگیرکەرانی عوسمانی بوونەوە.دەیان داستانی پڕ لەسەرفەرازیبان بەسەر هێزی عوسمانییەکاندا تۆمار کرد.لەساڵی (1914)شێخی بارزان لەپیلانێکی خیانەتکارانەدا دەستگیر کرا و ، لە(14)ی کانونی دووەمی هەمان ساڵیش لەلایان دەسەلاتدارانی عوسمانییەوە، بەتاوانی جیابوونەوە و هەوڵدان بۆ پارچەکردنی ئیمپراتۆریەت لەشاری موسڵ لەسێدارەدرا.

دوای ئەوە عوسمانییەکان دەستیان بەسەر ناوچەی بارزاندا گرت و مەڕو ماڵات و بەروبومی کشتوکاڵی خەڵکی ناوچەکەیان تاڵان کرد.هەموو گوند و ئاواییەکانی ناوچەکەیان سوتاند. دەستیان کرد بەگرتن و قەتڵ و عامکردنی بارزانییەکان. بنەماڵەی شێخانی بارزان و بەشێکی خەڵکی ناوچەکەش خرانە زیندانەکانەوە و تا کوتاییهاتن بەدەوڵەتی عوسمانی و ، جێگیربوونی هێزی بەریتانیا لەعێراق لەزیندانەکاندا مانەوە.

قۆناغی دووەم:

لەساڵی (1931و 1932) بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بارزان بە ڕابەرایەتی شێخ ئەحمەد (خودانی بارزان) دژی دەوڵەتی مەلیکی عێراق هەڵگیرسا و بەهۆی ئەوەی کە هێزی ئاسمانی بەریتانیا و هاوکاری هەندێ سەرۆک هۆزی کورد. پیلانێکی گشتگیرو هەمەلایەنەیان بۆ قڕکردنی بارزانییەکان دارشت و جێبەجێ کرد. لەزەوی و ئاسمانەوە هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر ناوچەکە دەستپێکرد.

سەدان شۆڕشگێڕ و خەڵکی سڤیل لەژێر ئاگری فڕۆکەکانی بەریتانیادا شەهید بوون.ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەلاتی هێزی داگیرکەرانی کوردستان.دیسان هەموو گوندەکان سوتان و وێرانکران. بنەماڵەی بارزان و خەڵکی ناوچەکە گوازرانەوە بۆ شاری بەسر و شوێنەکانی دیکە.بەشێکیان خرانە زیندانەکانەوە، لەسێدارەدران، ئەوانی دیکەش خرانە ژێر ئیقامەی جەبری. لەو سەردەمەدا بۆ یەکەم جار لەمێژوودا داگیرکەرانی کوردستان، تاوانی سەربینیان دژی بارزانییەکان لەژێر سەرکردایەتی مەلامستەفا چوونە پاڵ کۆماری کوردستان و بوونە بڕیارەی پشتی کومار. کاتێک سوپای ئێران هێرشی کردە سەر کومار.

زۆربەی سەرۆک هۆزە کوردەکان چوونە پاڵ سوپای ئێران، بەڵام بارزانییەکان دڵسۆزانە بەرگرییان لەکۆماری کوردستان کرد. بەهۆی ئەم هەڵوێستە نەتەوەییەوە ،شای ئێران فەرمانی قڕکردن و لەناوبردنی بارزانییەکانی دەرکرد.شەهید قاسملو لەو بارەوە و لەکتێبی کوردستان و کورددا دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بارزانییەکان بەرگرییەکی فیداکارانە و پڕ لەجوامێریان کرد. هەر پێشمەرگەیەکی بارزانی ڕووبەڕووی سەد سەرباز و چەکداری ئێرانی دەبوبەوە.بۆیە سەرۆک ئەرکانی ئەوکاتی ئێران رایگەیاند لەمێژوودا سوپای ئێران ڕووبەڕووی سوپایەکی هێندە بەهێز نەبۆتەوە. ئەمە وای لە شای ئێران کرد کە لەڕۆژی (/29ی پۆشپەری 1932)لەمەرسومێکی شاهانەدا،بەئامانجی گێڕانەوەی شکۆ بۆ سوپا بەزیوەکەی، بڕیاری قڕکردن و لەناوبردنی بارزانییەکان دەر بکات. شا لەو مەرسومەدا فەرمانی بەهێزەکانی سوپای ئێران کرد کە لەزەوی و ئاسمانەوە و بەهەموو چەکێک هێرش بکرێتە سەر بارزانییەکان و ڕوحم بەمنداڵ و ئافرەتاکانیشیان نەکرێت. لەئەنجامی ئەمەدا جگە لەوەی کە دەیان پێشمەرگە و فەرماندەی بارزانی لەبەرەکانی شەڕدا شەهید بوون. لەنێوان دوو هەزار تا دوو هەزار و پێنج سەد کەس لەمناڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتە، یان بەهۆی بوردمانی فڕۆکەکان شەهید بوون،یانیش لەبرسان و سەرمان مردن و ڕەق بوونەوە. زۆر خێزانی بارزانی لەو ڕووداوانەدا کوێر بوونەو یەک کەسیش بەسەلامەتی دەرباز نەبوە.بەگوێرەی گێڕانەوەی کەسانی بەتەمەن کە ڕووداوەکانیان بەچاوی خۆیان بینیوە. ئەم فەرمانەی قڕکردن دژی بارزانییەکان زۆر لەوانی پێشتر دژوارتر و کاریگەرتر بووە... هتد.

قۆناغی چوارەم:

دوای خۆراگرییەکی بێ وێنە و بەخشینی ڕووبارێک خوێن لەپێناو پاراستنی کۆماری کوردستاندا، لەڕۆژی (/15 (4/1947) بارزانییەکان بە هاوڕێیەتی شێخ ئەحمەد بارزان گەیشتنەوە باشوری کوردستان.

مەلامستەفای بارزانی لەگەڵ پێنجسەد شۆڕشگێڕ دوای ڕووبەڕوو بونەوەی سوپای سێ وڵاتی داگیرکەر بەسەربەرزی و لەربڕەوێکی مێژوویید لەئاوی ئاراس پەڕییەوە. خودانی بارزان لەگەڵ ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان خۆی ڕادەستی دەوڵەتی مەلەکی ئێراق کرد.

قۆناغی چوارەمی قڕکردنی بارزانییەکان لێرەوە دەستی پێکرد.دەوڵەتی عێراق خودانی بارزان و هەموو پیاوەکانی بارزانی لەخێزانەکان جیا کردەوە و لەبەغدا و کەرکووک خرانە زیندانەکانەوە. ئافرەت و منداڵەکانیشیان لەسۆران (دیانا) خرانە ناو کەمپێک و بەتەلبەندیش دەوری کەمپەکەیان قایمکرد.خودانی بارزان لەزیندانی بەغدا بەسزای لەسێدارەدان حوکمدرا.ئەوانی دیکەش بەشێکیان لەسێدارەدران و بەشێکیش بەحوکمی هەتایی لەزیندانەکاندا ماونەوە. منداڵ و ئافرەتەکانیش لەناو کەمپی دیانا ڕووبەڕووی تراژیدیایێکی ئینسانی بوونەوە،ڕۆژانە دەیان کەس لەبرسان و لەبەر بلاوبوونەوەی نەخۆشی گیانیان لەدەستدا. ئەم بارودوخە تا شۆڕشی (1958) بەردەوام بوو.

قۆناغی پێنجەم:

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و لەهاوینی (1975)دا عێراق دەیان هەزار سەربازی لەناوچەی بارزاندا جێگیر کرد. هەموو ناوچەکەی کردە سەربازگەیەکی گەورە. هیچ شاخ و گرد و تەپۆڵکەیەک یان گوندێک نەما کە هێزی سەربازی لێ جێگیر نەکرێت.بەشێوازێکی درندانە بەربوونە گیانی هاوولاتیانی سڤیل. سەدان کەسیان دەسگیرکرد و لەناو زیندانەکاندا خرانە ژێر ئازار و ئەشکەنجە.ڕێگای هاتوچۆ،کارکردنیان لەسەر گوندنشینان قەدەغە کرد.ڕۆژانە سەربازەکان مەڕ و مالاتی هاوولاتیانی ناوچەکەیان سەردەبڕی و،دواتریش دەیاندایە دەست خاوەنەکانیان کە بڕیان لێ بنێن. هەر کەسێکیش سەرپێچی کردبا بەشێوازێکی درندانە ئەشکەنجە دەدرا. لەهەر مالێک پاشماوەی کەلو پەلی سەربازی بەدی کرابا. یەکسەر خاوەن مالەکەیان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا شەهید دەکرد. بەم شێوەیە دوای لەناوبردنی هەموو ئاسەوارەکانی ژیان و سوتاندن و وێرانکردنی ناوچەکە، لەنێوان (/12/11 1975) هەتا (/18/11 1975) بەشی هەرە زۆری خەڵکی ناوچەکەیان بڕ باشووری عێراق گواستەوە. ئەوانی دیکەش لەسالی (1978) بڕ دەوروبەری هەولێر ڕاگوێزران.. لەکاتی گواستنەوەیاندا و لەشارەکانی موسڵ و بەغدا تا دەگاتە شاری دیوانیە خەڵکیان هێنا بوویە سەر جادەکان و لەلایان بەرپرسانی حکوومەتەوە فەرمانیان پێکرابوو تا بەهێلکە و تەماتە پەلاماری ئەو خەڵکە هەژارە بدەن و سوکایەتییان پێ بکەن. وەکو دیلی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەت و منداڵدا دەکرد. دوور لەهەموو بەها و قیمەتێکی ئەخلاقی و ئینسانی و بەمەبەستی سوکایەتی کردن و بریندارکردنی هەستی ڕاگوێزراوان، لەلایان هاوولاتیانی عەرەبەوە دروشم و قسەی ناشیرین دژی کورد و پێشمەرگە و بارزانیی نەمر دەگوترا و بەرز دەکرایەوە.

تا گەیشتنە بیابانەکانی پاریزگای دیوانیە ڕاگوێزراوانی بارزانی بەم واقعەدا دەرباز بوون. حکوومەتی عێراق بیابانەکانی پاریزگای دیوانیەی باشووری بۆ جێگیرکردنی بارزانییەکان دەست نیشان کرد بوو.لەو بیابانانە و لەچەند شوێنێکی جیاواز کۆمەڵێک کەمپیان دروست کردبوو.خانووەکان لەشێوەی کوخ و وەکو ئەوەی بۆ مەر و مالات دروست دەکرێت،بەدار و حەسیر ئامادە کرابوون. نەئاو نەکارەبا نەهیچ خزمەتگوزارییەکی دیکەی ژیانی بۆ دابین نەکرابوو.کەمپەکانیان ناونرابوو (سدیر، مەرا جوجە، شنافیە، البدیر و فەوار ژمارە 1و 2و 3) بارزانیە ڕاگوێزراوەکانیان فڕێدایە ئەو کەمپانە. مردنی بەکۆمەڵ و تراژیدیای ئینسانی لێرە دەستیپێکرد. ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت و دژوار پڕ لەنەهامەتی بوونەوە. لەبەر نەبوونی ئاوی خواردنەوەو گەرما و تەپوتۆزی بیابان. بەخێرایی نەخۆشییە ترسناکەکان لەکەمپەکاندا بڵاو بوونەوە. ڕۆژانە دەیان کەس بەتایبەت منداڵ و ئافرەت گیانیان لەدەست دەدا. بەگوێرەی گێڕانەوەی ئەو کەسانەی کە ڕووداوەکانیان بەچاوی خۆیان بینیوە. ئەوەی لەو سەردەمەداو لەو کەمپانەدا بەسەر بارزانییەکاندا هاتووە. هێندە جەرگ بر و پڕ لەکارەسات و تراژیدی بوو، ڕەنگە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کەم وێنە بێت. ئەم بارودۆخە تا ساڵی 1980و سەرهەڵدانی شەڕی ئێران و عێراق بەردەوام بوو.

قۆناغی شەشەم:

بەهۆی شەڕی ئێرانەوە، سەدام حسێن ناچار بوو لە (24/ی نیسانی 1980)و لەچوارچێوەی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبی بەعس ئەو بارزانیانەی بۆ باشووری عێراق ڕاگواست بوو ،بگەڕێنێتەوە دەوروبەری هەولێر و لەناحیەی قوشتەپە لەدوو کەمپدا نیشتەجێکران بەناوەکانی قودس و قادسیە. ئامانجی سەدام لەوەدا ئەوەبوو کە قەناعەت بەبارزانییەکان بێنێت تا چەک بۆ ڕژێمەکەی هەڵگرن و ڕووبەڕووی پێشمەرگە بنەوە.هەتا بەڵێنی پێدان ئەگەر ئەوە بکەن حکوومەت ئامادەیە هەموو ناوچەی بارزان بەباشترین شێوە ئاوەدان بکاتەوە و ڕێگاش بەهەموو بارزانییەکان دەدات بگەڕێنەوە سەر زیدی خۆیان.بێگومان بارزانییەکان زۆر باش هەستیان بەو ڕاستی دەکرد کە ڕەدکردنەوەی ئەو داوایەی سەدام حسێن زۆر قورس و گران لەسەریان تەواو دەبێت.بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم داوایەی سەدام دژ و ناکۆک بوو لەگەڵ پەروەردەی فکری و عەقایدیان. مردنێکی شەرەفمەندانە و سەربەرزانەیان هەلبژارد و داوای سەدامیان بۆ چەک هەڵگرتن ڕەد کردەوە. بەم ڕەدکردنەوەیە بارزانییەکان وەکو هەمیشە و لەپێناو لانەدان لەبنەما فکری و عەقیدەییەکانیان و پابەند بوون بەنەهجی ڕێبازی هەولێر و بەحرکە و هەریر و دیانا و گوندەکانی دەوروبەریان بەشێک لەبارزانییەکان توانییان خۆیان دەرباز بکەن و بگەنە ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

لەبەرواری (/10/10 1983) دووبارە هێزەکانی گاردی کوماری پەلاماری کۆمەڵگاکانی قوشتەپەیاندا.لەم شاڵاوەدا هەموو مێرمندان و ئەوانەی تەمەنیان لەخوار هەژدە ساڵەوە بوو دەستگیرکران.لەهەر سێ شاڵاوەکەدا هەشت هەزار هاوولاتی سڤیل و بێ گوناهی بارزانی دەستگیرکران و دواتریش لەبیابانەکانی سەماوەی نزیک سنووری وڵاتی سعودیە لەگۆڕی بەکۆمەڵدا شەهید کران.ئەمە کوتایی ئازارو مەینەتییەکانی بارزانییەکان نەبوو. دوای دەستگیرکردنی پیاوەکانیان، سەدام و بەعس دەسەڵاتی عەسکەریان بەسەر کۆمەڵگاکاندا سەپاند.ئاو کارەبایان لەسەر خیزانە بارزانییەکان بری. ڕێگای کارکردن و دەرچوون لەکۆمەڵگاکان قەدەغە کرا. بەشەو و ڕۆژ مەفرەزەکانی ئەمن و ئیستخبارات و جاش هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵەکان و ئازار و ئەشکەنجەی منداڵ و ئافەرەتیان دەدا و سوکایەتییان پێ دەکردن. چڵ ڕۆژ دوای گرتنی بارزانییەکان و لەبەرواری (/12ی ئەیلولی 1983) سەدام حسێن لەسەردانێکی کوت و پردا گەیشتە هەولێر و لەبارەگای بەناو ئەنجومەنی تەشریعی لەگەل هەموو سەرۆک هۆزە کوردەکان کۆبوویەوە. لەوتارێکدا گوتی:بارزانییە خیانەتکارەکانمان ڕەوانەی جەهەنەم کرد و بەسزای خۆیان گەیشتن. دیارە ئامانجی سەدام لەم سەردانە و لەم قسانە ئەوەبوو کە ناراستەوخۆ بەهەموو سەرۆک هۆزەکان ڕابگەیەنێ ئەگەر چەک هەڵنەگرن و بەرگری لەڕژێمەکەی نەکەن ئەوە چارەنوسی هەموتان وەکو بارزانییەکان دەبێت. بێ گومان بۆ گێڕانەوە یان باسکردنی هەر یەک لەم ڕووداوە پڕ لەتراژیدیا و کارەساتانە، چەندین کتێب پێویستە، بەڵام بەهیوای ئەوەی نەوەی دوای ڕاپەڕین ئاگاداری ڕووداوەکان بێت و لەو ڕاستیانە تێ بگات کە ئەوەی ئێستا لەباشوری کوردستان بۆ کورد بەدەست هاتووە. بەرهەمی زیاتر لەیەک سەدە خەبات و قوربانیدان و ڕووبارێک خوێن و فرمێسکە.

بەکورتی ئاماژەمان بەکۆمەڵێک کارەسات و ڕووداوی پڕ لەتراژیدی کرد کە لەسەر دەستی داگیرکەرانی کوردستان دەرحەقی کورد ئەنجام دراون. هیوادارین هەموومان وەکو وەفایەک بۆ خوێنی ئەو هەموو قوربانیە و،فرمێسکی دایکی شەهیدانی کوردستان، لەئاست دەسکەوتەکانی کورد لەباشوور هەست بەبەرپرسیارێتی نەتەوەیی و ئەخلاقی بکەین و لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئەم دەسکەوتانە و بەدیهێنانی ئاواتی شەهیدان و دووبارە نەبوونەوەی ئەو کارەساتانە کار بۆ ئاڤاکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەین، چونکە بەبێ بەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزە نەکارەساتەکان کۆتاییان دێ و نەڕۆحی شەهیدانمان ئاسودە دەبێت.



گەندەڵی.. پەتای گەلان و سایکۆلۆژیای چاکسازی

د. نەسرەدین ئیبراهیم کۆڵی*

گەندەڵی (الفساد یان corruption) وەک پێناسەیەکی سایکۆلۆژیکانە بریتییە لەو ڕەفتارەی کە خۆی لەوەدا دەبینێ، کە لادانی هەندێ کەسە لە هەموو ئەو بەها و پێوەرە مرۆڤی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئایینی و پەروەردەییانەی کە بە هۆیەوە سامان و کار و ئەرک و مافەکان وەک یەک و بە یەکسانی و بە پێی ئاستی توانایی عەقڵی و فیزیۆلۆژیکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە یان دامەزراوە یان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، بەسەر ئەواندا دابەش بکات، تاوەکو بەهۆی سوود وەرگرتنی هەریەکەیان، بەشی خۆیانیان بەربکەوێ و بەهۆیەوە هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی و خۆپێگەیشتن و لە کۆتاییشدا بەختەوەری و شادی بکەن.

دیارە شرۆڤەی سایکۆلۆژیانەی گەندەڵی زۆری هەڵدەگرێ، لێرەدا تەنها ئاماژە بە سەردەواوەکانی دەدەین لە ڕوانگەی چەند زانایەکی ناسراوی ڕێبازی شیتەڵکردنەوەی دەروونی. بە لێکدانەوەی (سیگموند فرۆید) گەورە زانای دەروونناسی "دەبێ گەندەڵی بەشێک بێ لە تێکچوونی بالانس و هاوسەنگی و تەنانەت هەماهەنگی نێوان هەر سێ بێکەهاتە سەرەکییەکانی کەسێتی: من (Ego) ئەو (Id) و منی باڵا (Super ego)، بە هەمان ئەندازەش بەرهەمی خراپ دانرانی بناغەی ویژدانە لە سەرەتای منداڵییەوە، و لەو کەسانەن کە هێزی وێرانکەری سەر بە ڕەمەکی مردن بەهێزترە لە هێزی ژیانەوە و ئاوەدانکردنەوە، کە بە هۆی هەڵسوکەوتی خراپی دایک و باوک لە گەڵ منداڵ و بە تایبەت لە سەرەتاییترین قۆناغەکانی ژیان"، ئەمەش هاوشێوەی هەمان ئەو شتەی کە عەلی وەردی (- 1912 1995) بە دوانیزمی هەست و سۆزی وەهمیانەی بێ بنەما و لە ئەنجامدا بەختەوەری و شادمانی بکات. ئەو پەریشانییەی کە لە بنەڕەتدا، وەک (سۆلیڤان) دەڵێت، بەرهەمی پێداویستییەکانی جەستەیی و هەستکردنە بە نیگەرانییەکی بێ وێنە. بە پێی لێکدانەوەی دەروونناسی بەناوبانگی وەک (کارین هۆرنای-1885 1952)هاوشێوەی بەشێک لە بۆچوونەکانی (فرۆید)، بەرهەمی تووندوتیژی و دووبوونی منداڵە لە هەست و سۆزی دایکان و باوکانە، کە دواتر بەم جۆرە ڕەفتارە خۆی پیشان دەدات، چونکە هەست بەوە دەکات لە جیهانێکی پڕ لە نائارامی دەژیت و متمانەی بە کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەری نیە و دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرەنگاری ببێتەوە، جا چ لەسەر ئاستی هەستەوەری یان نەستی بێ. لەم سۆنگەیەوە دەبینین ئەو جۆرە کەسێتییە حەزی لەوەیە بەهێز ببێ تاکو بەسەر دەوروبەری زاڵ بێ و یەکێک لەو ڕەفتارانەی کە بە ئازارەکان"، هەست دەکات بەو ڕەفتارە بەشێک لە کەم و کۆڕی و نەداری و نە هامەتییەی پێشتر بوونەتە هۆکاری ئازاردانی، ئیتر بوونیان نابێ. لە ڕوانگەی دەروننناسیی تاکگەرایی ئەلفرێد ئادلێر(-1870 1937)یش دەبێ بگۆترێت گەندەڵی یەکێکە لەو ڕەفتارانەی کە "هەستی خۆبەکەم زانینی" ئەو کەسە قەرەبوو دەکات و خودی ئەم ڕەفتارە شێواز و ستایلێکی نادروستی ژیانیەتی، کە خۆی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ مرۆڤەکان، کە خۆی لە دژایەتیکردنی بەرامبەر و کۆمەڵگەدا دەبینێ. ئەو بڕوایە لای ئەم جۆرە کەسێتییە تەواوکەری چەمکەکانیتری کەسێتین لە ڕوانگەی ئەدلێرەوە، کە بڕیتین لە ئامانجە خەیاڵپلاوییەکان، کە بۆ پێشەوە پاڵی دەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوانیتردا، و هەروەها گرنگیپێدانی کۆمەڵایەتی، کە فاکتەری خۆدەرخستن و ڕاکێشانی دەوروبەرە بۆ لای خۆی. زۆرێک لە هەمان ئەو شتانەی گەندەڵی، لە یاد بکرێت.

گەندەڵی، هاوشێوەی گشت ڕەفتارەکانی ئاسایی و نائاسایی دیکەی مرۆڤ پێشینەیەکی خێزانی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی هەیە و بەدەر نیە لە بنەماکانی هەموو ئەو تێز و بیردۆزانەی سایکۆلۆژی کە لە بارەی ڕەفتار و کردارەکانی مرۆڤ نووسراون، لە سەروی هەموشیانەوە فرۆید، ئەدلێر، یۆنگ، ماسلۆ، فرانک، و...هتد. نابێ خۆمان لێی لە گێڵی بدەین بەشێکی بچووکیش بۆ فاکتەری بۆماوەیی دەگەڕێتەوە، بەڵام سێ هۆکارەکەی پێشووتر سەرەکیترینی ئەو هۆکارانەی کە تارمایی گەندەڵی لە سایەیدا پەیدادەبێ لە شەو تەشەنەدەکات.

دیرۆکناسی ناوداری کوردستان، دکتۆر سەدیق بۆرەکەیی لە پەرتووکێکی دەڵێمەند لە بارەی مێژووی ناوچەکە، ئاماژە بە ئەگەرەکانی ڕووخانی ساسانییە بە ڕەگەز کوردەکان دەدات و پێی وایە کە یەکنەگرتوویی ئایینی پەرتەوازەیی لە نێو خەڵکدا دروست کردبوو. گەندەڵی پێوانی ئایینی زەردەشتی بە سەرێکەوە و پەرتەوازەیی لەشکەری، کارگێڕی وسیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و...هتد. کەواتە گەندەڵی سەرچاوەی نەمانی ئارامی و ئاسایشی سایکۆلۆژی و بەختەوەرییە بۆ هەر یەکە لە بکەرەکەی و بۆ تێکڕای کۆمەڵگە و گشت قۆربانیانی.

دەبێ ئەوە بڕانین کە نەهێشتنی گەندەڵی و بنبڕکردن و ڕیشەکێش کردن و قوتاربوون لە نەهامەتییەکانی تەنها بە یەکگرتنی هەڵدابوو، بەڵام دواتر هەمووی لە بیرکردن، لاواز کرد و لە ئەنجامدا ئەو شاهیدنشاهییە زەبەلاحە لە نێو چوو.

بە کۆرتی و کوردی و کۆرمانجیی ئەگەری سەرەکی ئەو شکستە مەزنە تەنیا یەک شت بوو نەک هیچی تر و ئەویش گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانی ئایینی، لەشکەری، کارگێڕی وسیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و...هتد. کەواتە گەندەڵی سەرچاوەی نەمانی ئارامی و ئاسایشی سایکۆلۆژی و بەختەوەرییە بۆ هەر یەکە لە بکەرەکەی و بۆ تێکڕای کۆمەڵگە و گشت قۆربانیانی.

دەبێ ئەوە بڕانین کە نەهێشتنی گەندەڵی و بنبڕکردن و ڕیشەکێش کردن و قوتاربوون لە نەهامەتییەکانی تەنها بە کۆرتی و کوردی و کۆرمانجیی ئەگەری سەرەکی ئەو شکستە مەزنە تەنیا یەک شت بوو نەک هیچی تر و ئەویش گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانی ئایینی، لەشکەری، کارگێڕی وسیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و...هتد. کەواتە گەندەڵی سەرچاوەی نەمانی ئارامی و ئاسایشی سایکۆلۆژی و بەختەوەرییە بۆ هەر یەکە لە بکەرەکەی و بۆ تێکڕای کۆمەڵگە و گشت قۆربانیانی.

دەبێ ئەوە بڕانین کە نەهێشتنی گەندەڵی و بنبڕکردن و ڕیشەکێش کردن و قوتاربوون لە نەهامەتییەکانی تەنها بە یەکگرتنی هەڵدابوو، بەڵام دواتر هەمووی لە بیرکردن، لاواز کرد و لە ئەنجامدا ئەو شاهیدنشاهییە زەبەلاحە لە نێو چوو.

بە کۆرتی و کوردی و کۆرمانجیی ئەگەری سەرەکی ئەو شکستە مەزنە تەنیا یەک شت بوو نەک هیچی تر و ئەویش گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانی ئایینی، لەشکەری، کارگێڕی وسیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و...هتد. کەواتە گەندەڵی سەرچاوەی نەمانی ئارامی و ئاسایشی سایکۆلۆژی و بەختەوەرییە بۆ هەر یەکە لە بکەرەکەی و بۆ تێکڕای کۆمەڵگە و گشت قۆربانیانی.

دەبێ ئەوە بڕانین کە نەهێشتنی گەندەڵی و بنبڕکردن و ڕیشەکێش کردن و قوتاربوون لە نەهامەتییەکانی تەنها بە یەکگرتنی هەڵدابوو، بەڵام دواتر هەمووی لە بیرکردن، لاواز کرد و لە ئەنجامدا ئەو شاهیدنشاهییە زەبەلاحە لە نێو چوو.

بە کۆرتی و کوردی و کۆرمانجیی ئەگەری سەرەکی ئەو شکستە مەزنە تەنیا یەک شت بوو نەک هیچی تر و ئەویش گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانی ئایینی، لەشکەری، کارگێڕی وسیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و...هتد. کەواتە گەندەڵی سەرچاوەی نەمانی ئارامی و ئاسایشی سایکۆلۆژی و بەختەوەرییە بۆ هەر یەکە لە بکەرەکەی و بۆ تێکڕای کۆمەڵگە و گشت قۆربانیانی.



هۆیەوە دەربڕینی لێوە دەکات گەندەڵییە، بە هەموو جۆرەکانییەوە. بە لێکدانەوەی زانایانی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژیایی و پەروەردەیی ئەو ڕەفتارە بەرهەمی خراپ پێگەیشتن و دروستکردنی کەسێتی مروڤە لە قوناغەک جیاوازەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون (Socialization)، چ لە نێو خێزان یان قوتابخانە یان گەڕەک و لە نێو دۆست و هەڤاڵان، چ لە دامەزراوەیەک بێ. بەڵگەش فێربوونی ئەو ڕەفتارەیە کە لە کەسانیترەوە، دوای ئەوە کە دەستکەوتەکانی یان دڕێژخایەنەکانی بە پێی بیردۆزی (فرۆید)، ئەو کەسە دەگەیێنێتە ئاستێک کە بە پێی بنەمای "تام وەرگرتن" لێی جۆرێکی چێژ و شادی دەبەخشێتە کەسەکە و بە پێی بنەمای "دووركەوتن لە کەسێتی دەیناسێنێ و بەپێی لێکدانەوەی فرۆید بۆ دووانیزمی هەڵسوکەوتی دایک و باوک لە کاتی پەروەردەی منداڵ دەگەڕێتەوە. بە لێکدانەوەی زانایانی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژیایی و پەروەردەیی ئەو ڕەفتارە بەرهەمی خراپ پێگەیشتن و دروستکردنی کەسێتی مروڤە لە قوناغەک جیاوازەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون (Socialization)، چ لە نێو خێزان یان قوتابخانە یان گەڕەک و لە نێو دۆست و هەڤاڵان، چ لە دامەزراوەیەک بێ. بەڵگەش فێربوونی ئەو ڕەفتارەیە کە لە کەسانیترەوە، دوای ئەوە کە دەستکەوتەکانی یان دڕێژخایەنەکانی بە پێی بیردۆزی (فرۆید)، ئەو کەسە دەگەیێنێتە ئاستێک کە بە پێی بنەمای "تام وەرگرتن" لێی جۆرێکی چێژ و شادی دەبەخشێتە کەسەکە و بە پێی بنەمای "دووركەوتن لە

ئەمنییەکان هەبووە و بە سامبوونی لەو ئەرکانەدا یارمەتیدەری بوو لە کاتی دەسەڵاتیدا، بە تایبەت لە چاکسازی وڵات لە گەندەڵییەکی بێ وێنەدا، دیارترین نمونەش پاکسازی وڵات بوو لە کۆمەڵێک لەو گەندەڵانە، وەک دەڤەرداری مۆسکۆ بوو، کە لە ماوەیەکی کۆرتدا سامانێکی خەیاڵی وەدەست خۆی و خێزانەکەی خستبوو.

دیارە دۆخی ناسەقامگیریی سیاسی، وەک ئەوەی لای ئێمە هەیە، هەمیشە کەلێنی وا دروست دەکات کە کۆمەڵێک کەسی هەڵپەرست و نەفس نزم بە قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجە ناجێگیرە، قۆڵ لە گەندەڵی هەلبدەنەوە، تەنها ڕێگەی ڕیشەکێش کردنی ئەو دیاردەیەش پاکسازی دامەزراوەکانی کەرتی میری و تایبەتە لەو کەسانە، چ ئەوانەی لە ڕابردوو ئەم کردەوە قێزەونەیان ئەنجام داوە و چ ئەوانەی ئێستا و لە داهاتوودا پێی هەڵدەستن. دیاریشە لە تەرازووی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و وڵاتانی دێمۆکراسی و ڕۆژئاواییەکان، بەرەنگاربوونەوە و سەرکەوتن بەسەر پەتای گەندەڵی، بە هەموو جۆرەکانیەوە، هاوشێوە شکاندنی "ئەفسانەی تیرۆریزمی تاریکپەرستان" سەنگی مەحەکی کورد و بە تایبەت هەرێمی کوردستانە، بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا لە ڕۆژ و ساڵانی داهاتوودا.

جێگەی داخە کە لە لای ئێمە بیرۆکەیەک گەڵاڵە بووە و بوەتە هۆکاری پەکخستنی پرۆسەی چاکسازی، ئەویش ئەوەیە کە وادەزاندرێت بە لادانی گەندەڵکارێک پایە و بنیاتی تەواوی دەسەڵاتی سیاسی دەڕوخێت، چونکە گەندەڵکار جێگە و پێگەیەکی جەماوەری دەستکەوتووە و دوای لادانی هەموو ئەو کەسانە، لە وەڵامدا پشت لەو پارتە سیاسییە دەکەن، لە کاتێکدا ئەزموونە بچووک و مەزنەکان پێچەوانەی ئەوە پیشان دەدەن. دوای ماوەیەکی زۆر کورت هەموو ئەو کەسانەی لە "گۆزەی گەنیوی گەندەڵکار ئاویان دەخواردەوە پاش لادانی، یەک یەکە لێی دوورەدەکەونەوە. ئەگەر گەندەڵکار بە گەندەڵیی خۆی توانیبێ تیتەنها چەند کەسێک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام بەو ڕەفتارەی خۆی هەزاران کەسی تۆراندووە و بووەتە هۆکاری دوورکەوتنەوە لە پرۆسەی سیاسی لای هەژمارێکی لەبن نەهاتوو. بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی دانامۆی کۆمەڵگەیە، و ئەنجامی تویژینەوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کە لە لایەن پسپۆڕانی دەروونناسی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، نیشاندەدەن کە بە هۆکاری جیاواز، ئاستی دڵساردی خەڵکی گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار. دووركەوتنی سیاسی، وەک بەشێک لە دووركەوتنی جڤاکی (social exclusion) و وەک زۆر لایەنی پەیوەندار دەبێتە هۆکاری زۆر جۆری نەخۆشییەکانی جڤاکۆمەڵایەتی و بێکاری و هەژاری و گەندەڵی و سەرۆکی حکومەت لەم قۆناغە دەتوانێ ڕۆڵێکی مەزن ببینێ. ئەزموونی گەلان ئەم ڕاستییە پیشان دەدات. ئەو کاتەی کە بۆ خۆێندنی دکتۆرا لە مۆسکۆ قوتابی بووم تێبینی ئەوەم کرد کە پوتین لای خەڵکی ڕوسیای فیدراڵ زۆر خۆشەویستە بە تایبەت گەنجان و لاوان کە جگە لە بەرزکردنی ئاستی ئابووری وڵات، تواناییەتی پێگەی سیاسیش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهێزتر بکات. ڤلادیمیر پوتین (Vladimir Putin ,1952 -)لە ساڵانی نێوان (1975تا 1991) بە کارکردن لە نێو دەزگای (KGB) ئەزموونێکی باش لە پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕوسیا بە دەست بهێنێ و ئەزموونێکی دوور و درێژتریشی لە گەڵ دەزگا

هەوڵی ئەوەدان بە زۆری و تۆزی و لە بن سێبەر و چەتری دەسەڵات و بەناوی یاساوە دەست بەسەر مۆڵک و زەویی ئەو کەسانەدا بگرن کە ساڵانێکی زۆر لە تەمەنیان لە ئاوارەیی گوزەراند و قارەمانی داستانە ئەفسانەییەکانی خۆاکۆرک و ...هتد بوون، دەبێ لە شوێنی دیکە چ بگۆزەرێت و چ گەندەڵییەک لە ئاراداببێ؟ ئایا گەندەڵی نابێتە هۆکاری خستنە ژێر پرسیاری پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمەکەمان؟ تەنها ڕێگەی چارەسەریش دەستەی دەستپاکی یان لیژنەیەکی بێلایەن و بوێر و دەستپاکە بتوانێ بە نهێنی ئەو جۆرە تاوانانە دەستنیشان بکات و بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار و دادگاکان.

* پرۆفیسۆری هـ. /پسپۆری سایکۆلۆژیای پێداگۆگی/ زانینگەی زاخۆ.



سەکڤان بەهجەت

پێشڤەچوونا پەیوەندییێن کوردستان و فڕەنسا

دگەل هەلبژارتنا نێچیرڤان بارزانی وەکو سەروکێ نوی یێ هەرێما کوردستانێ دەنگڤەدانەکا مەزن یا نیڤدەولەتی لە پەی خوە ئانی وپشتەڤانی یەکا مەزن لێ هاتەکرن وئەڤژی دبیتە دەستپێکەکا گرنگ یا سیاسی بو هەرێما کوردستانێ ب تایبەت پشتی ڤان قەیرانێن هەرێم تێدا بوری وەکی هاتنا شەرێ داعش و قەیرانێن دارایی وبرینا بودجەی ژلایێ حکومەتا ناڤەندی و دەرهاڤێشتەیێن گشتپرسیێ، د نوکەدا قوناغەکانوی ژبو هەرێما کوردستانێ هاتیە ڤ پێش ژبو مفا وەرگرتن ژ ڤان پەیوەندییێن نیڤدەولەتی ژبوو دووبارە بهێزکرنا پێگەهێ هەرێما کوردستانێ چ ل سەرئاستێ نیڤدەولەتی وچ ل سەر ئاستێ نافخوە.

وەکی یاخویا ژبوڤێ یەکێ ژی بەریز سەروکێ هەرێما کوردستانێ سەردانەکافەرمی کر بو پاریسا پایتەختی فرەنسا، کو فرەنسا ب دەولەتەکا بهێز یا ئەوروپایێ دهتە نیاسین وئەنداما هەردەمکی یا جڤاتا ئاسایشا ئەولەکاری یا نیڤدەولەتی یە وپەیوەندیین هەرێما کوردستانێ و فرەنسا پەیوەندییێن مێژوویی نە ب تایبەت پشتی کو فرنسا بریارا ژ مارە 688بریە جڤاتا ئاسایشا نیڤدەولەتی کو ل 25/4/ 1991ئەڤ بریارە هاتیە پەژراندن کو تێدا کێشەیا کوردان بەرەڤ قوناغەکا نوی چوو وجورەک ژ گرنتیا نیڤدەولەتی ژبو خوەبرێڤەرنا هەرێما کوردستانێ دروست بوو،وهەمی گەلێن بن دەست وئەڤ بریارە ژبوو پاراستنا گەلان بوو ژ بن دەستێن رژێمێن دکتاتور.

ئەڤ پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ و فرەنسا بەردەوام بەرەڤ پێشڤەچونێ چون ودماوێ چەند ساڵێن بوری دا ب تایبەت دەدما دەستپێکا شەرێ داعش دا چەندین سەردانێن گرنگ و دیروکی دناڤبەرا هەردوو ئالیان دا هاتنە ئەنجام دان فرەنسوا ئولاند وەکو ئیکەم سەروک کوماری فرەنسا سەردانا هەرێما کوردستانێ کر و ژلایێ بەریز سەروک مسعود بارزانی ڤە ل وی دەمی هاتە پێشوازی کرن و فرانسوا ئولاند رولێ پێشمەرگێ کوردستانێ بەرز راگرت دشەرێ دگەل داعش دا.

وهەروەسا فرەنسا رولەکێ کاریگەر دیت دەدەربارا شکاندنا ئابلوقەییێن سیاسی و ئابووری ل سەر هەرێما کوردستانێ و هەردیسان د ئالکاریکرنا هێزێن پێشمەرگەی دا،ولێ روژا 10ڤێ مانگێ دا ژی بوو دوبارە خورتکرنا ڤان پەیوەندی یا بەریز نێچیرڤان بارزانی ل کوشکا ئیلیزێ دگەل بەریز ماکرون سەروکێ فرەنسا جڤیا و دڤێ جڤینێ دا گەلەک خالێن گرنگ ئاماژە پێ هاتەکرن وەکی قوناغا پشتی شەرێ داعش ورێگری گرن ل دوبارە سەرهلدانا داعش و هەروەسا بەحس ل سەر پەیوەندییێن هەولێر و بەغدایێ هاتەکرن کو هەردوو سەروک واقع بینانە ژ بوو کو ب رێگا ئاشتییێ و دیالوگێ کێشەیێن دناڤبەرا بەغدایێ و هەولێرێ بهێنە چارەسەرکرن و سیاسەتا بەریز نێچیرڤان بارزانی جهێ بایەخەکا گرنک بو ژبوو رایەدارێن فرەنسا کو هەولا ئاشتیانە ودبلوماسی ژبوو چارەسەرکرنا کێشەیان دا، فرەنسا دیارکرکو دڤێ دەربارێ دا دێ پشتەڤانیا تەمام یا هەرێما کوردستانێ کەت و هەروەسا ئالیەکێ دن یێ گرنگێ ڤێ جڤینێ کو سەروکێ هەرێما کوردستانێ دا دیارکرن ژبو پتر خورتکرنا پەیوەندییێن ئابووری و ژبو راکێشانا بەرژەوەندی یان ژبوو هەرێما کوردستانێ و هانا کومپانییێن فرەنسا دەدین ژبو کو وەبەرهێنانێ ل هەرێما کوردستانێ بکەن کو ئەڤێ چەندێ ژی گرنگی یەکا زورا هەیە ژبو بهێزکرنا پێگەهێ هەرێما کوردستانێ و پێشڤەچونا پەیوەندییێن هەردوو ئالیان ل سەر بنەمایێ دەستوور و ڕێزگرتنا بەرژەوەندییێن هەڤبەش.

خەبات
www.xebat.net
یەك شەممە 2019/7/28 ژمارە (5798)

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: کۆمپانیای هبە جۆری ئۆتۆمبێل: حفارە زنجیر هیتاشی حجم کبیر رەنگ پرتقالی مۆدێل: ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٤١٦٩٩ کاتی دهۆك ژمارەی شاصی: HCM١٦J٠٠C٠٠١٠٥٥٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیا انکونا جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس راس تریلە رەنگ سپی مۆدێل: ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٩٨٣٣ کاتی دهۆك ژمارەی شاصی: WDB٩٣٤٠٣٢١L٦٧٠٩٩٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یوڤان جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات رەنگ نفتی ژمارەی شاصی: WSMS٦٩٨٠٠٠٠٥٢٤٦٠٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارەی ناسنامە ٣٤٦٨ بەناوی ظاهر حمەشکور مصطفی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دائرة کاتب عدل دهوك
العدد/الانذار المرقم ١٣٣٢
التاریخ/٢٠١٩/٧/٢٢

م/اعلان

المنذر (مصلح عجیل عبدالله) وکیله المحامیة (سوزان فارس سرحان)

المنذر الیه (جمال شمو اسماعیل وخدر شمو اسماعیل) العنوان / مجهولا محل الاقامة

سبق لکما في عام ٢٠٠٤ قمتم ببیع حصصکم من العقار المرقم (٥١٧/١ مقاطعة ١١ سمیل) الی موکلنا المنذر واستلمتم کامل بدل البیع ومنذ ذلك التاریخ العقار مشغول من قبل موکلنا دون اي معارضة منکما وعلی الرغم من مطالبة موکلنا المستمرة منکما بالحضور امام مدیریة التسجیل العقاري في سمیل لتسجیل العقار اعلاه باسمه الا انکما امتنعتما عن ذلك ولکونکما مجهولا محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سکنکما في المحلة الان وکتاب مدیریة شرطة نزارکی في دهوك المرقم (٣٦٤٧و٣٦٤٨) في ٢٠١٩/٧/٢٤ والانذار المرقم (١٣٣٢) المصدق لدی دائرة کاتب عدل دهوك في ٢٠١٩/٧/٢٢ علیه ننذرکم بواسطة الصحف المحلیة بضرورة الحضور امام مدیریة التسجیل العقاري اعلاه بتاریخ ٢٠١٩/٨/٥ في تمام الساعة (١١) صباحا والتنازل عن العقار اعلاه وتسجیله باسم موکلنا المنذر لدی مدیریة التسجیل العقاري وبعکسه سوف نعتبرکم ناکلین عن البیع ننظر اسفین الی مقاضاتکم امام المحکمة المختصة وتحمیلکم کافة الرسومات والمصاریف واتعاب المحاماة وقد اعذر من انذر

نیدار محمد محمد مهدي المفتي / المدیر (کاتب عدل دهوك)

* * *

کومپانیای رونی تاف
بازرگانیا گشتی و گەشت و گوزار/ سنوردار

الی اعضاء شرکة (roni tav) للتجارة العامة و السفر و السیاحة و استیراد و تصدیر المحدودة

م/ تبلیغ بالحضور

نظرا لمرور فترة طویلة علی عدم عقد اجتماع بخصوص کیفیة ادارة امور الشرکة و للضرورة علی اجراء الاجتماع لغرض تصفیة شرکة (roni tav للتجارة العامة و السیاحة و السفر – المحدودة) و لعدم ممارسة الشرکة نشاطها منذ تاسیسها لذا تقرر تعین یوم (الاربعاء) الساعة العاشرة صباحا و المؤرخ ٢٠١٩/٨/٢٨ موعدا لعقد الاجتماع في مقر الشرکة الکائن في زاخو طریق ابراهیم الخلیل و اتخاذ القرار بتصفیة الشرکة.
ولك مني فائق الشکر

المدیر المفوض للشرکة
شوکران شوکت بوداك

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٢٧٣٨/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٣

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر ماجد عبدالرحمن المندلاوی بریکاری فاروق عثمان مصطفی)

هۆشدار لێکراو: (جلال احمد معروف)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشدارییتان ئاراستە کراوە لەلایەن پارێزەر ماجد عبدالرحمن المندلاوی بریکاری فاروق عثمان مصطفی) بەژمارە (٥٠/١٠٣٨) لە ٢٠١٩/٦/١٧ بەمەبەستی هۆشداری کردنت و دانی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت بۆ ساڵانی (٢٠١٩/٢٠١٨/٢٠١٧) لە پێشانگای دروستکراو لەسەر بەشێك لە موڵکی ژمارە (١٧) کەرتی ٤٥ وارش بەکرێی مانگانە بەبڕی (٢٢٠٠) دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی زانیاری لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٧/٢٢ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

مریوان قرنی ابراهیم/ دادنووسی یەکەمی هەولێر

لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگای کەتنی سەلاحەدین
ژمارە: ٣٠/ك/٢٠١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ گیلان سلمان توفیق

ئاگادارکردنەوە

دادخواز (حمد عولا رسول) داوای ژمارە (٣٠/ك/٢٠١٦) لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری ناحیەی (شاویس) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٣٠ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ عثمان جمال القاضی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٥٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٤

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١٢٠/٢٢٩ ك ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (حمدامین مرزا عبدالله) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقي للاستثمار) لە جیاتی قەرزی بری پارە (٨٧٠٠٠٠٠٠) هەشتا و حەوت ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت رەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مولکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقي للاستثمار)
- خاوەن مولك (حمدامین مرزا عبدالله)
- جۆری مولك (ملك صرف)
- رووبەر (٩٩,٧٥م)
- ژمارەی مولك (١٢٠/٢٢٩ ك ٤٥ وارش)

شوێنی مولك (هەولێر/ گەرەکی گلکند سێتاقان/ پشت قوتابخانەی کامران/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠ مەتری).
- پێکهاتەکەی/ بریتی یە لە دوو ژووری مطبخ و حمام و مرافق لە نهۆمی یەکەم و دوو ژوورو حمام و مطبخ و مرافق لە نهۆمی دووەم یەك ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە طابقی زەوی.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٥٠١٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٤

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٧/٤٢٤٢ کەرتی ٩٣ حصارۆك) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (ئاسو عثمان علی) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقي) لە جیاتی قەرز بری پارە (٢٩٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و نۆسەد هەزار دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت رەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مولکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقي)
- خاوەن مولك (ئاسو عثمان علی)
- جۆری مولك (ملك صرف)
- رووبەر (٢٠٠م) تەنها یەك پشك (١٠٠م ٢)
- ژمارەی مولك (٧/٤٢٤٢ کەرتی ٩٣ حصارۆك)

شوێنی مولك (هەولێر/ شاری هەڤالان/ نزیك کۆمەلگای منارە/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)
- پێکهاتەکەی/ هەر خانوێك پێك هاتووە لەژوورێك و مطبخ و حمام و ئاردەست لەخوارەوە دوو ژوور و حمام و ئاودەست لەسەرەوە دروستکراوە لەبلۆك و کۆنکریت.

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٤٩٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٢٤

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (باران عبدالخالق جلال الدین) جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (عماد عبدالله احمد) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت پەسندکرنا تلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) ئەوا رودای دناڤبەرا تە وێ وێ ژ تە ل ٢٠١٥/٣/١٩ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژێر ل زاخو رکاڤا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیین روژا نەییێ نافخوییێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمێر (١٠) سپێدەهیا روژا ٢٠١٩/٨/١٩ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هێتە کرن

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

* * *

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٣/ب/٢٠١٢
ڕێکەفت/٢٠١٩/٧/٢٤

ئاگەهداری

لدیف فەرمانا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٣٣/ب/٢٠١٢ ل ٢٠١٢/٢/٢٠ یا پێك هاتی ب نەهیشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(٣٨٦٢/١ کەرتێ ١١ سمیل) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠) سیە روژا هەر ژ روژا پشتی بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهدارییێ وهەر کەسێ بڤێت بەشدارێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدێ ژ تمام کرنا (٣٠) سیە روژا پشتی روژا بلاڤکرنا ڤێ ئاگەهدارییێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤییێ ب کوژمێ (١٣٠٠٠٠٠٠٠) سەد وسیە ملیون دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە رەوانەکرن ب ئێکجاری ل دیف رێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە روژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی روژا دویف دا دبیتە روژا ڤژانێ

سالوخەتێن زەڤیێ : رووبەرێ ئەردی(٢٩٨,٦٦)م٢ جورێ زەڤیێ /ئاڤاهیی/خانی/رکن باشوری روژ هلات

دادوەر/ ابراهیم خشمان گرگری

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٤٩ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٤ / ٧ / ٢٠١٩

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : صبریە فریق صالح

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٤٤٩ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٧/١٦) بکەتنا تەلاقا داواکاری (امیر حسن محمود) بەرامبەری ڤێ دادگەهی ژتە ل (٢٠١٩/٧/٦) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٣٧٣/ج٢٠١٩/٢
رێکەفتی:٢٠١٩/٧/٢٢

بۆ تۆمەتباری رەڤی (محمود سعید علی)

ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٣٧٣/ج٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهێ پۆلیسێن مالتا ل سەر ماددێ (٤٥٦) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێ ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/٩/٩ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا) هێتە رێڤەبرن ل دویف یاسایێ.

دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

* * *

دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٤٢١/ج٢٠١٩/٢
رێکەفتی:٢٠١٩/٧/٢٢

بۆ تۆمەتباری رەڤی (دیار عبدالعزیز رشو)

ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٤٢١/ج٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهێ پۆلیسێن سرهلدان ل سەر ماددێ (٢) یاسا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨ ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتە دان تو بهێینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێ ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/٩/٣ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا) هێتە رێڤەبرن ل دویف یاسایێ.

دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل

* * *

دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٦٤٦/کەتن/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/٧/١٧

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ لقمان رمضان علی

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٥٤/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن مسیریك لدیف بەندی ٤٥٦ ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەهیا روژا ٢٠١٩/٩/٢٥ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

* * *

سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
(بەشی نەخشی بنیاتی)
ژمارە: ٣٣٤/٣٥/٣٥
رێکەفت: ٢٠١٩/٧/١٥

ئاگاداری

ل دیف نڤیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٥٩٢٨) ل ٢٠١٩/٧/١ یا پالپشت ب نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (١٥٩٨) ل ٢٠١٩/٦/١٨ سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ ئاگەهدارییا راستکرنا نەخشێ رون کری دکەت یێ ژمارە (٤٣٣) یێ تایبەت ب بەشەکێ ل گەرەکا قاپکی کو رەگەزێ وێ (Existing) ل دیف نەخشێ بنیاتی ئاکرێ.. لەوما هەر کەسێ پێشنیارەك یان بەرهەنگاریەك هەبیت بلا ئاراستەی سەروکاتیا باژێرڤانیا مە بکەن د ماوەی هەیڤەکێ دا ل روژا بەلاڤکرنا ئاگادارییێ.

بلند رضا زبیر/ سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٠٢٩/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٣

ئاگانامە

داواکار/ شکری مصطفی سعید ناونیشان: علی کمال/ سلیمانی

داوالەسەرکراو/ جبار عبدالله قادر ناونیشان: سلیمانی/ علی کمال

داواکار (شکری مصطفی سعید) داوایەکی بەژمارە ١٠٢٩/ش/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆماکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە بە (داواکردنی بژێوی رابردوو پاکبوونەوەی شرعی) وەلەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٨ کات ژمێر ٩:٤٠ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.

دادوەر/ جمال صدرالدین علی

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٣
ژمارە: ١٠٢٨/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٣

ئاگانامە

داواکار/ شکری مصطفی سعید
داوالەسەرکراو/ جبار عبدالله قادر

داواکار (شکری مصطفی سعید) داوایەکی بە ژمارە (١٠٢٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (قەرەبووی تەڵاقدانی نارەوا) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠١٩/٩/١٠ سەعات (١٠:٥٠)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.

دادوەر/ قادر بارام فتاح

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٣٤١/ج/٢٠١٦
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هێمن عمر حسن احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارچرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٨٦٠/ج/٢٠١٥
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هرا٤یر قابرئیل جنباشیان

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٨/ت/٢٠١٧
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/١١

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سامان حمە صالح عبدالله

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٧١٩/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هانی ودیع بطرس

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٠٧) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی دەستەی (دەست پاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٥٠٩/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٧

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: محمد عباس عنفوس

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی دەستەی (دەست پاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٧٠٠/ت/٢٠١٧/ب
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٢

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: حوصت حمدامین موسی

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٤) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوانی راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١١/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / احمد حجی داهر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٥٧٥/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١٩

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: اسراء خنجر ورور – سعد جمعە محمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤) لەیاسای لەش فرۆشی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/١٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٧٢٥/ت/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٧/٨

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: اسماعیل حسن سیرە ، نازدار محی الدین قادر ، فەرمان اسماعیل حسن ، سامان اسماعیل حسن ، فتح الله اسماعیل حسن

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بنگرد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٥٤١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٤

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (باسك) بۆ (بەلێندەرایەتی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (نوزت عبان) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / مەند نوزت عارف

ناڤ ونیشان / دهوك - جمعیە القدیمە

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠١٣٨٣٣٧٧

نوسراوەکەی سارجۆنی دووەم لە (تەنگی قەر)ی کامیارانی پارێزگای کوردستان (سنەندج)

کەمال نوری مەعروف

2 کۆتایی

دەروازەیەک: ئەم نوسراوە (گرەنت فرەیم) لەئاشوریییەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی ئینگلیزی و (عالم نعیمی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسیوە و لە گۆڤاری (ماهنامە)، هاموزش تاریخ، شمارە (22 تهران، بهار 1385) بڵاویکردۆتەوە، دواجار (ئانی کازمی) نوسراوەکەی لەگەڵ هەندێک زانیاری لە 22ی مانگی (خورداد)ی 1390ناردووە بۆ کۆمەڵەی ئاشووری کۆن.



لەشکرکێشی سارجۆن دژ بە (کارالا):

ڕووداوێک کە بەڵگەی بەدەستهێنراوی نوسراوی لەسەربێت لە (تەنگی قەر) هێرشی سەرکەوتووی بەهێزی ئاشوورییەکانە لەبەرامبەر (کارالا)دا (دێڕی 37-44). ئەم قەوالەیە بووەتە خاڵێک لە کێوەکانی زاگرۆس لە تەرەفی خۆرهەڵاتی ئاشووردا. ل.د.لیڤین لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەسەر جوگرافیای زاگرۆس لە چاخی نوێی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووریدا، شوێنی (کارالا)ی لە ناوچەیەک لە دەریاچەی (زرێبار-زرێوار) ی (مەریوان) داناوە، پێدەچێت بەگونجاو وەری بگرین، بەرەو نووسراوەکەی (تەنگی قەر)یش ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات، کەتیایدا وەسفی هێرشێک دژ بە (کارالا) و (ئیتی) لە (ئالابریا) دەکات کە لەسەرانی شۆڕش بوون سووربوون دژی خواوەندی ئاشوور بن، بەڵگەش بۆ ئەمە لە شەشەمین سااڵیادی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا (716پ.ز) سارجۆن هێرشی بردە سەر کێوەکان و شکستی بەیاخیبووەکاندا. (ئۆلۆسۆنۆ)ی بەخشی تاوەکو لە دادوەری (مانا)دا بمێنێتەوە، بەڵام (ئیتی)و بنەماڵەکەی دوورخستەوە.

لەبەشێک لە سااڵنامەکەدا وانوسراوە (ئاشولی) بریندار بووە، بەڵام بەپێی نیشاندراوەکانی (ئاستلی) سارجۆن لە (نەجەف ئاباد) لەدەربەندی (ئەسەد ئاباد) لەسنووری 15کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای دەربەندی (کەنگاوەر)، (دێڕی 31و (32دەڵێ: (ئاشورلی)م کوشت.. "من (ئاشورلی) کەبەدکارێک بوو لەشاری (کارالا) بەدیل گرتم، من ئەوم لەناو سەربازە تەوق لەمل نراوەکانی ئەودا دییەوەو هێنام، من پێستی ئەوم گوروو و بۆشاری ئاشووڕم برد، شاری (کارالا) لەگەڵ چواردەورووبەرەکەی خستمە سەر ئەیالەتی لۆلۆم.

ئەوەی لە کارەکانی سارجۆن لە ساڵی (716پ.ز) لەلایەن ئاشووڕەوە دژ بە (کارالا) کرا کۆتایی نەهات، مرۆڤی (کارالا) کە سارجۆن خاوەن پلە بەرزەکانی دژ بە ئەوان دانابوو دەربانکردن، برای (ئاشورلی) ، (ئامی تاشی) خۆی کردە دادوەر، سەرئەنجام لەهەمان ساڵدا دەسەڵاتداریتی سارجۆن جارێکیتر دژ بە (کارالا)ی خاکی (ئالیپی) و خاکی ماەدەکان هێرشی بردەوە بۆ داگیرکردنیان، ئەمەش هەشتەمین لەشکرکێشی ئەو بووە.

سارجۆن لەکێوی (ئانا) سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای (کارالا) بەدەستهێنا و بەسەریانا سەرکەوت. (ئامی تاشی) ڕایکرد، لەوانەیە بۆ خاکی (شوردا) هەڵهاتبێت، لەناوەڕۆکی نوسراوەکەی (تەنگی قەر-تەنگی وەر) یشدا دەرکەوتووە، هێرشبەران گەیشتوون بە (کارالا) کە سەرچاوەی وردی چاودێریان بووە، بەڵام بەو تونديیەی پێشوو نەبووە.

ئاشکراشە لەشکرکێشی (716پ.ز) لەگەڵ لەشکرکێشی (713پ.ز) یەک ناگرنەوە چونکە دەزانین ئەم نوسراوە بەر لەو ڕووداوە نوسراوە. (دێڕی 25تا (27 تیایدا هاتووە، کە شکستی مەردۆک بالادان (مەردۆک ئاپل ئیدین) جێگیر دەکات...

کاری سەربازی وشەڕکردنی سارجۆن دژبە مەردۆک بالادان لە(710تا 709پ.ز)ی خایاندووە، بەڵام ناوبراو لە پایتەخت هەڵهاتووە و خۆی بەدەستەوە نەداوە، سارجۆن دوای ئەو سەرکەوتنانەی لەسەر تەختی پادشایەتی لە بابل دانیشت، دەستی خواوەند مەردۆکی لە جەژنی سەری ساڵی نوێدا لە بابل ساڵی (709پ.ز) گرت، دواتر ڕێگای گرتەبەر و دووركەوتەوە تا گەیشتە پایتەختی عەشیرەتی (مەردۆک بالادان) لە (دوریاکین) لە باشووری بابل و ، داگیری کرد.

مەردۆک بالادان هەرچەندە گەمارۆ درا بەڵام ڕایکرد، هیچ هەواڵێک لەوەوە نەزانرا هەتا هاتنە سەرتەختی (سانحاریب) ، جێنشینی سارجۆن.

(فرەیم) بەپێی ئەو بەڵگە بالآیانەی نیشانیداون باوەڕی وایە کە نوسراوەکەی (تەنگی قەر) لەوانەیە یادەوەری هێرشێکی دوای (709 پ.ز) بێت، باوەڕیشی وایە ئەم نوسراوە هەتاکو هێرشی ئاشوور لە (706یان 705 پ.ز) لەخۆگرتووە، کەدواساڵی دەسەڵاتداریتی سارجۆن بووە.

بەڵام هۆی ئەوەی کە ئەم نوسراوە ئامادەی بە لەشکرکێشی (706پ.ز)ی سارجۆن بۆ (ئیلیپی) نەداوە، لەوانەیە نوسراوەکە پەیوەست بوبێت بە لەشکرکێشییەکی سەربەخۆ دژی (کارالا) بەر لەو مێژووە کە بەوشێوەیە سارجۆن خۆی تیادا کردە جێگیر لە دەسەڵاتداریتی بابل دا.

لەوانەشە بۆ دوای (709ی پ.ز) بگەڕێتەوە بەمانا بۆ ساڵەکانی (708یان 707پ.ز) بەو شێوەیەی لەناوەڕۆکی نوسراوەکەدا دیارە مرۆڤی (کارالا) یاساکانی دەرەوەیان پەیڕەو نەکردووە و دژی مەئمورانێک بوونەتەوە کە (سارجۆن) دایناببوون بۆیە دژیان شۆڕشیان بەرپاکرد.

سارجۆن ئەوانەی خراپ شکاند کە پشتیان بەناوچە شاخاویەکان بەستبوو بۆ ئەوەی پارێزگارییان لێبکات تاوەکو لەڕێر دەسەڵات و ستەمی ئاشوور ڕزگاریان بێت و پارێزگاریی لەخۆیان بکەن.

بەو جۆرەی کە نوسراوە، مرۆڤی (کارالا) لەناویانا یەکێتی هەبووە و ملکەچی فەرمانی سەرکردەکانیان بوون. لە دوایین شەڕدا لەشکری خراپەکاری ئاشووری نشوستی کاتی بەسەر (کارالا) دێنێت، بەڵام شەڕکەرەکانیان بەنهێنی لەشوێنە نادیارە دوور دەستەکاندا دەمێنێت.

سنووری ئەیالەتی کارالا: بە وردبوونەوە لەسەرچاوەکانی ئاشووری کە ئاماژە بە ئەیالەتەکان و خاکەکانی خۆرئاوای ئێران ئەدات، دەتوانین سنووری ئەیالەتی (کارالا) بەمەزەندە واتە سەرکوتکردنی (هومبان نیگاش) (720پ.ز) لەگەڵ ناوهێنانی ئەو سەرزەمینانەی لەگەڵیا بوون، یان لەڕێر دەستیابوون.

(کارالا و شوردا و کیشەسو خارخار و ئالیپی) ئەو ئەیالەتانەن کە ئەمرۆ ئەکەونە ناو کوردستان و کرماشان هەروەها خاکی مادیش لە دەوروبەری هەمەدان بووە، دوای ئەوانە نوسراوەکە ئاماژە بەباکوری خۆرئاوای ئێران، مانای (مانا) واتە (ئاندیە)و (زیبریم) دەدات لەگەڵیشیا ئیمپراتۆری ئاشوور لەخۆرئاوادا دەگاتە سوریاو تا میسریش لە ڕۆشتنا بەردەوام دەبێت.

بۆ (کلدەش) لە باشوور بۆ سەرکوتکردنی (مەردۆخ بالادان) و یەکێتی (هومبان نیگاش) و عیلەکان (710پ.ز) و بەخاکەکانی خۆرئاوای ئێرانیش بە مانای گوتیۆم و ئالیپی و (ڕاشی) لەسنووریعیلام گەیشتووە، هەر بەو شێوەیەش بە (ماده) دوور دەستەکانیش لەلێواری دەماوەند ئاماژەدەدات، لەگەڵ سەرکوتکردنی عەشیرەتەکانی دەوروبەری دیجلە و فورات، هەروەها بەخۆرئاوای ئێرانیش بەمانا خاکی (تل هومبان) لەسنووری عیلام و خاکی کاردونیاش، نوسراوەکە جارێکی تریش بەسەرکوتکردنی شۆڕشەکانی (کلدە) ئاماژە دەدات.

دێڕی 37تاوەکو کۆتایی نوسراوەکە بەشێوەی تایبەتی بەسەرکوتکردنی شۆڕشی فراوانی (کارالا) لە (708 یان 707پ.ز) دەگات.

ناوچەکانی خۆرئاوای ئێرانیش کە لە (3) شوێندا بەنوسراو ناویان هاتووە خاوەنی توانای سیاسی تەواوی خۆیان بوو بە پشت بەستن بەبەڵگەی کۆنینە ناسی لە فەرهەنگی جیاوازییاندا.

لەوشوێنەی کەنوسراوی مادەکان لەخەڵکی تری خۆرئاوای ئێران جیادەکاتەوە، بەمەش دەتوانین ئەنجام وەربگرین کە مادەکان لەکۆتایی سەدەی حەوتەمی پ.ز لەم ناوچانەی خۆرئاوادا نفوسی سیاسی و فەرهەنگییان هەبووە، لەهەمان کاتیشدا ئامادەکارییان کردووە بۆ دامەزراندنی پادشایەتی لایان، کەدوای مادەکانیش هاخامەنشی پێیگەیشتووە، ئەم فەرهەنگەش بەهەموو لایەکدا ڕۆشتووە، تاوەکو سنووریێکیش بۆ هەموان نزیک بووە.

بۆ تیشک خستنە سەر بەشەکانی ئەم پرسانەش کاری کۆنینەناسی لەناوچە جۆراوجۆرەکان لەخۆرئاوای ئێراندا بەزۆری بەپێویست دەزانرێت.

لەکۆتاییدا دەڵێم: نوسراوەکەی (کارالا) کە بۆ سارجۆنی ئاشووری دەگەڕێتەوە (722-705 پ.ز) پێوەی دیارە کە سەرجەمی ئەو لەشکر کێشیانەی بۆسەر ئەو هەرێمانە لەخۆگرتووە کەسەر بە وڵاتی ئاشوور بوون و دژی دەسەڵاتەکە شۆڕشیان بەرپاکردووە کەهەشت هێرشی سەربازییەو لەتەمەنی (16) شانزە ساڵەی پادشایەتیەکەیدا بەرەنگاریان بووەتەوە، ئەمەش بەئامانجی لەناوبردنی دوژمنەکانی و کۆژاندنەوەی شۆڕشەکانیان بووە. لەوانە دواهێرشی بەهێزی بۆ ناوچەی (کامیاران)ە کە دوورترین شاری کوردستانە لەباشووردا و لەسەر ڕێگایەکە لەڕۆژئاوا کە دەیبەستێتەوە بە مەریوان.

سەرئەنجامی کارە سەرکەوتووە سەربازییەکانی پادشا نوسراوێکی بەجێهێشتووە، کەدەکەوێتە دووری 35کیلۆمەتر لە ڕێگاکە و لەدەمی دەربەندەکەدایە.

نوسراوەکە ڕاپۆرتێکی جەنگییە و سارجۆن پادشا نارەوویە بۆ خواوەندەکانی ئاشوور و خواوەندەکانی تر، بەڵگەنامەیەکی دەگمەنیشە کە بەشێوازێکی شیعری وەسفی جوان نوسراوە، باسی شاخ و ڕوبار و دارستانی تێدایە کەلەشکری پادشا پێیاندا تێپەڕیوەو تووشی گەلێک ئازار و ناخۆشی هاتوون، سارجۆن دوای تەواوکردنی کارەکانی سەربازیی گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی فەرمانڕەوایەتییەکەی لە نەینەوا و لەگەڵ خۆشیا دەسکەوت و تالانییەکی زۆریشی هێناوەتەوە.

تێبینی: پەراوێزەکانی بابەتەکە لە خەبات پارێزراون.

ئاینێکی شاراوە لە باشوری عێراق



لۆزان فۆئاد

یەکێک لە ئاینە شاراوەکان کە لەناوچە جیاجیاکانی عیراق دەژین ئاینی (صابئە) یە لەوانەیە کەم تا زۆر ئەم ناوەمان بەرگوێ کەوتبێ یەکێکە لە ئاینە کەمینەکان پێشتر لە ناوچەکانی شاری فەڵەستین ژیاون بەڵام بەهۆی شەڕ و جەنگ ناچار هەڵهاتوون بەرەو باشوری عیراق و ڕێژەیەکی باشیان تا ئێستا لە بەغدا دەژین بەتایبەت لە ناوچەی میسان جێگیربوون.

ناوی سابیئە لە (صبغ) ی عەرەبییەوە هاتووە واتا هەڵکێشان و نوقومبوونە لە داب و نەریتە باوەکانی هۆزی سابیئی وناوی (مەندی) بۆ گەورەی ئەم هۆزە دەبێت کە واتای زانا و بوێر دەگەیەنێت، مێژووی ئەم ئاینە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروست بوونی مرۆڤایەتی و پێغەمبەری گەورەیان ئادەمە و کۆتا پێغەمبەریان کە دەپیەرستن (یحی)ای کوڕی زەکەریا یە، زمانی ئارامی دەبێتە زمانی دایک بۆ ئەم هۆزە و کتێبی پیرۆزیان بە ناوی (کنزە ربا) واتا کانزای مەزن کە گشت واتاکانی ئەم ئاینە ڕوون دەکاتەوە و دەیکەنە سەرچاوەی ڕاسپاردن و فێربوون، ئاینێکی باوەڕپێکراوی خودایی ناوی سابیئە سێ جار لە قوئانی پیرۆز ئاماژەی پێ کراوە و بە ئاینیکی یەکانگیر دادەنرێت چونکە بڵاوکردنەوەی ڕەت دەکەن و کەس هاننادەن بۆ هاتنە ناو ئاینەکەیان.

هەڵکێشان لە ئاودا نەریتێکی باوی سابیئەکان..

کومەڵەی سابیئەکان عیراق بەگشتی و بەغدادیان بەتایبەت هەڵبژاردووە بە هۆی ڕووباری دیجلە وگرنگی پێدانیان بە ئاو وبەتایبەت ئاوێک کە پاک و بەخوڕ بێت ئەویش بە پێی نەریتە باوەکانی ئەم ئاینە لە مەراسیمە تایبەتەکان وجەژندا سابیئەکان بەرەو ناوچە ئاوییەکان دەڕۆن بە پۆشتنی ڕەنگی سپی سەرتاپای بالآیان، خۆیان لەو ئاوە هەڵدەکێشن بە نیەتی پاکبوونەوەیان لە گوناە. و تاوان و نوێ کردنەوەی پەیمانی ئاینییان ،کاتێک منداڵێکی کۆرپەی ئەم هۆزە دێتە دونیا بە ئاوی پیرۆز هەڵدەکێشرێت بۆ ئەوەی بچێتە سەر ئاینی دایک و باوک، نەک تەنها منداڵ بەڵکو گەورەکانیش بۆ پاکبوونیان لە تاوان و گوناهەندی وسەرۆک هۆزەکە بەو نەریتە هەڵدەستن.

سابیئەکان وەک ئیسلام ڕۆژۆ دەگرن، بەڵام جیاواز لە ئیمە، بەپێی ڕێنماییە ئاینیکانی تاکاکانی ئەم هوزە بۆ ماوەی ٣٦ (سی و شەش) ڕۆژ لە ساڵێکدا، لە ناو مااڵەکانیاندا دەمێننەوە و چوونە دەرەوە لە خۆیان قەدەغە دەکەن، ئەوان پێیان وایە ئەم مەودایە کاتی دورکەوتنەوەیە لە جەنجاڵی ژیان وخۆیەدورگرتنە لە گوناە و قسەوباس، پاش تەواو بونی وادەی ڕۆژۆگرتنیان ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سامی کوڕی نوح تا ئەمرۆ ئێمە ئەم ئاینەمان پاراستووە چونکە ئاینەکەمان ئاینێکی بێ کێشەیە و بڕوامان بە تووندوتیژی نیە ئەگەر سەرنج بدەنە جلو بەرگمان کە بە ڕەنگی سپی سەرتاپای باڵآمان دەپۆشین و ئەو کات جەژنی گەورە دەستپێدەکات کە پێی دەڵێن جەژنی (کەرسە) سابیئەکان ڕوو دەکەنە پەرزگای تایبەت و لەوێ کۆ دەبنەوە و جەژنە پیرۆزە لەیەکتر دەکەن.

(نیزام کرێدی) یەکێک لە پیاوە ئاینییەکانی ئەم هۆزە، " ئاینی ئێمە ئاینێکی کۆنە کە ڕەنگەش ئامازەیە بۆ ئاشتی. تا ئێستا ئامارێکی تەواو نیە بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی سابیئییەکان، بەڵام لە دوایین سەرژمێری دەردەکەوێت کە تەنها 100000سابیئی دانیشتووی ناوچەکانی عیراقن وبەهۆی شەڕی تایفی زۆربەی ئەو خەڵکە ڕوویان کردۆتە ئەوروپا بەگشتی، سابیئەکان زۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپێشبردنی کلتوری عیراق بەتایبەت لە هونەری کاری دەست ودروستکردنی جوانکاری خانمان بە زێڕ وزیو.

www.xebat.net
پەک شەمە 2019/7/28 ژمارە (5798)
خەبات



نهێنییەکەی مایک پۆمپیۆ


جیمس داونی

نهێنی مایک پۆمپیۆ چییە؟ ئەو ئەندامەی پێشووی کۆنگرێس، کە دواتر بووە بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA)، ئێستاش وەزیری دەرەوەیە، بە یەکێ لە ئەندامەکانی کارگێڕییەکەی سەرۆک ترەمپ دادەنرێت، کە زۆرترین ماوە لەنێو پۆستە سیاسییەکاندا هاتوچۆی کردووە.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو سیاسیانەی لەلایەن ترەمپەوە دامەزرێنداون، پۆمپیۆ خۆی لە ئابڕوچوونی سیاسی پاراستووە ، هاوشێوەی (ستیڤن منشن، وەزیری خەزێنە و جۆن کیلی، بەڕێوەبەری پێشووی ئاژانسی پاراستنی ژینگە) ، یان تووڕەکردنی سەرۆک وەکو (جیمی ماتیس، وەزیری پێشووی بەرگری و جۆن کول، گەورە فەرمانبەری کۆشکی سپی) ، کلیلی سەرکەوتنیشی، بەم دواییە بەروونی دەرکەوت: لە دەرخستنی ئەوەی ئاگادار نییە، یان زانیاری نییە. یەکەم دیمەنی ئەو خۆ دەرخستنە، لە گوێبیست نەبوون لە وتەکانی سەرۆک. لە بەرنامەیەکی (فۆکس نیوز سەندەی) بوو، کاتێک لە بارەی رەوشی ڤەنزوێلا پرسیاریان لێی کرد، پۆمپیۆ بە پێشکەشکار، کریس والاسی وت:"پێیان وتین رووسەکان، پێشیان وتین کوبییەکان، هەر ئەوانن کە دەستوەردانەکەیان بە قبوڵ نەکراو دادەنرێت". والاس، ئاماژەی بەوە کرد، سەرۆک رۆژی هەینی دوای قسەکردنی لەگەڵ ڤلادیمیر پۆتین وتی، رووسیا بەدوای شتێکی نەرێنی لە ڤەنزوێلادا دەگەڕێت. لە جیاتی هەوڵدان بۆ هاوسەنگی لەنێوان لێدوانەکەی ترەمپ و لێدوانەکەی خۆیدا، پۆمپیۆ، خۆی وا دەرخست، سەرۆک ئەو قسەیەی نەکردووە. بە والاسی وت:"سەرۆک لەو بارەیەوە زۆر راشکاو بوو". وتیشی:"سەرۆک وتی-کە وابزانم لە تویتێکی بوو چەند هەفتەیەک پێش ئێستا-:"دەبێت رووسەکان بچنە دەرەوە، ئەوەش هێشتا بۆچوونی ئێمەیە". بەهەمان شێوە لە بەرنامەی (ئەو هەفتەیە)دا، کە لەسەر تۆڕی ABC پەخش دەکرێت پۆمپیۆ وتی:"سەرۆک وتی، دەبێت رووسەکان دەرچن.. پێم وا نییە، هیچ شتێک هەبێت لە وتەکانی سەرۆک، کە لەگەڵ ئەوەدا یەک نەگرێتەوە". پۆمپیۆ وا خۆی دەردەخات، لە پرسیارەکە ناگات و بەر ئەو کەسە دەکەوێت، کە دیمانەکە ساز دەکات. لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ فۆکس نیوز، والاس بە وەزیری دەرەوەی وت:"لەبەرچی سەرۆک لەگەڵ پۆتین جەخت لەسەر ئەوە شتە ناکەنەوە، کە پێدەچێت هەموو لەسەری کۆک بن، واتە دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکانی 2016، لەگەڵ هەڕەشەکردن لە دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکانی 2020،" لە سەرەتادا پۆمپیۆ موکر بوو و وتی:"ئێمە لەسەرکارکردن لەسەر ئەو شتە بەردەوامین" ، هەتا ئەگەر باشیش بزانێت، ترەمپ لە وتوێژەکانی لەگەڵ پۆتین، باسی ئەو مەسەلەیەی نەکردووە، چونکە کۆمارییەکان ئەو پرۆژانەیان بۆ پارەدان بۆ باشترکردنی ئاسایش لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەت کردووەتەوە". کاتێک والاس فشاری بۆ برد، پۆمپیۆ تەقییەوە و وتی:"کریس، من لە بۆچوونی تۆ ناگەم.. تۆ بەردەوام چاوت داوەتە سەر شتێک، کە ڕۆبرت مۆلەر، ڕاوێژکاری تایبەت نووسیویەتی". پۆمپیۆ، وا خۆی دەردەخات، کەوا هیچ شتێک نازانێت. لە وەڵامی پرسیاری: ئایا لووتکەیەکی ڕووسی-ئەمەریکی دەبەسترێت؟ لە وەڵامدا وتی:"نازانم، با بزانین".ئایا گۆڕانکاری کەشوهەوا لە نێو ئەو شتانەیە، کە هەڕەشە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات؟ وتی:"ناتوانم ئەمە بکەم".

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

ئاڵای وڵاتان



تەنزانیا

لە بنەڕەتدا تەنزانیا بریتی بوو لە یەکێتی نێوان تەنجانیقا و زەنجبار ، بۆیە ئاڵای ئەم وڵاتە ڕەنگەکانی ئاڵای هەردووک وڵات دەگرێتە خۆی . ڕەنگی سەوز وەک هێمایەک بۆ دەوڵەمەندیی خاک و کشتوکاڵ ، ڕەنگی ڕەشیش هێمایە بۆ بوونی زیاتر لە نەتەوە و گەلێک لە وڵات ، لە کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییشدا ڕەنگی زەردی بۆ زیاد کرا وەک هێمایەک بۆ سەرچاوە و سامانە کانزاییەکان ، ڕەنگی شینیش وەک هێمایەکە بۆ دەریا و دوورگەی زەنجبار.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1821:
دوای گەیشتنی خوسێ دی سان مارتین بۆ لیمای پایتەخت، سەربەخۆیی پیرۆ ڕاگەیەنرا.



ساڵی 1939:
بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای کۆماری ئێرلەندی ، بەریتانیا یاسای بنبڕکردنی تیرۆری ڕاگەیاند.



ساڵی 1942:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا نازیەکان ڕۆستۆڤ و باکووری قەوقازیان داگیر کرد.



ساڵی 1948:
بە ئامادەبوونی 48وڵات ، پەیماننامەی ژنێڤی تایبەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوانی جەنگ مۆر کرا.



ساڵی 1965:
لیندۆن جۆنسنی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا بڕیاری دا 50هەزار سەربازی دیکە ڕەوانەی ڤیتنام بکات.



ساڵی 2017:
دوای تۆمەتبارکردنی بە گەندەڵی ، دادگای باڵای پاکستان بڕیاری دوورخستنەوەی نەواز شەریفی سەرۆکوەزیرانی دا لە هەموو پلە و پایەیەکی حکوومی.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/7/28 ژمارە (5798)
خەبات





لە مەچکۆوە بۆ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا

تەرەمپ و جۆنسۆن بەیەک دەچن؟



غازی حەسەن

لە ڕووی پراگماتیکییەوە کورد هەتا ئێستا هیچ دڵی بەسیاسەتی بەریتانیا و تێڕوانینەکانی ئەم وڵاتە دەربارەی ئایندە و دواڕۆژی کوردستان خۆش نییە. بەکردەوەش لەدوای سەدان ساڵ دەرکەوتووە بەریتانیا پێدانگرییەکی توند لەمانەوەی سایکس پیکۆ دەکات و دەیەوێت کوردستان بەدابەشکراوی بمێنێتەوە و لەبەشی عێراقدا نەک هەر نابێت خاوەنی دەوڵەتی فیدرالی بەپێی دەستوور بێت، بەڵکو نابێت کەرکووکیشی بەدەستەوە بێت.

16ی ئۆکتۆبەر و هۆکار و کارەکتەر و ئەنجامەکانیشی ئەوە دەردەخەن، کە بەریتانیا ئامادە نییە سیاسەتی سایکس پیکۆ ڕاست بکاتەوە، بەڵکو پێدانگری لەسەر مانەوە و دابەشبوون و بێ دەسەڵات هێشتنەوەی کورد دەکات.بۆریس جۆنسۆن لەبەردەم چاپخانەی مەچکۆ بە جەماوەدانی و کەلاوێی کوردییەوە چایەکی دۆستانەی خواردەوە، لەسەنگەرەکانی پێشمەرگەدا نیشانەکانی شان بەشانی پێشمەرگە دژی داعش پێکا، ئەمە لەڕووی واتا و هێزەوە بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە، وێنەکانی جۆنسۆن سیما و واتایەکی قوواڵیان لای بینەر و خەڵکی کوردستان دروست کردووە، بەڵام مەرج نییە هەمان وێنە و واتا و هێز لەناخی کردەی سیاسی لای ئەم سەرکردە بەریتانییە دروست بووبێت. گرنگ کورد لەهەموو کاتێک پتر پێویستی بەسیاسەتی نوێی بەریتانیا بەرانبەر هەرێمی کوردستان هەیە، لەکردەوەدا هەندێک لایەنی سیاسی کوردی لەجیاتی کارکردن لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی کۆڵۆنیالیانەی بەریتانیا و خاوەنی سایکس پیکۆ، بەپێچەوانە بوونەتە بەشێک لەدرێژەپێدەری سیاسەتی کلاسیکی و کۆنی ئەو وڵاتە و بەردەوام گومان بەرهەم دەهێننەوە.ئێمە لەمەچکۆوە سەیری بۆریس جۆنسۆن دەکەین، کەچی لەندەن هەندێکیان هێشتا لەبەسراو ویلایەتی موسڵ و ڕازیکردنی ئێران و تورکیا و سوریا و سعودییە و کۆشکی سپی و لەتۆقەکەی شێخی نەمر و بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز و ڕاپرسییەکانی سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم سەیری گەلی کوردستان دەکەن. بەگشتی بیروبۆچوونی سیاسی ئەوروپاییەکان فەرەنسا لەپێش هەموویان و دواتر ئیتالیا و ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەسکەندافیا لەبارەی کوردستانەوە بەرەو باشی گۆڕاوە، ئەمەریکاییەکان گفتوگۆی جدی بەتێڕوانینی نوێ بۆ دواڕۆژی هەرێمی کوردستان و کورد لەڕۆژهەڵات بەگشتی دەکەن، کەچی سیاسەتی بەریتانیا هێشتا جێگەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی کوردە و سنوور و شێوە کۆنەکەی بەرنەداوە.دوای ئەوەی جۆنسۆن بۆتە سەرۆک وەزیران پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە، ئایا لێکچوون و هاوبەشییەکانی تەرەمپ و جۆنسۆن هیچ جۆرە کاریگەریی و سیاسەتێکی نوێی بەریتانی لەهەمبەر کورد و ناوچەکە دروست دەکات؟. سەرەتا بابزانین ئەوانە وەکو (مایکل هیرش) لەگۆڤاری فۆرین پۆلسی دەڵێت لەچییەوە بەیەک دەچن: تاکڕەویی لەبڕیار و گۆشەگیری، ڕەچاونەکردنی زیانەکانی ئەو سیاسەتەی پیادەی دەکەن، دژی کۆچبەری و مافی هاووڵاتی بوون، هەروەها بەجۆنسۆن بکات، سیاسەتی وڵاتەکەی بگۆڕێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئێران دەستی بەسەر کەشتیەکی نەوت هەڵگری بەریتانیا داگرت. هەنووکە کار دەکرێت هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دژی ئێران لەپێناو بەسەلامەتی هاتوچۆی کەشتییە نەوت هەڵگرەکان پێکبهێنرێت. دوور نییە ئەو هاوپەیمانییە بازرگانییە، بێتە هاوپەیمانییەکی سەربازی و سیاسی و ئەنجامەکەی پرچیان جێگەی پێکەنینە و هەستی گاڵتەئامێز و مشتومڕیان هەیە و لەچینی مام ناوەند و دژی گلۆبالیزمن.بەریتانیا دەبێت لەقەیرانی مانەوە و دەرچوون لەیەکێتی ئەورووپا دەربازی بێت، لەم بوارەشدا پێویستی بە ئەمەریکا دەبێت، تەرەمپیش لەگەڵ هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی لەدۆخێکی ناجێگیر دایە، دوور نییە ئەمە بەریتانیا هان بدات هاوسەنگی و لێکتێگەیشتن و تێڕوانینێکی سیاسی هاوبەش لەگەڵ ئەمەریکا لەبارەی ئێران و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ ئەورووپا و دواڕۆژی عێراق و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەدی بهێنێت.من گریمانەی ئەوە دەکەم سەردەمی دەسەڵاتی جۆنسۆن، سەردەمێکی هەندێک جیاواز بێت لەوانی پێشەخۆی. بۆیە کورد دەبێت بەوێنا و تێڕوانین و سیاسەتێکی متمانەداری تۆکمە لەگەڵ بەریتانیا دەست پێبکات. کورد نابێت هەر تەنیا لەسۆزی چایە گەرمەکەی مەچکۆوە سەیری سیاسەتی جۆنسۆن بکات، پێویستە بەرژەوەندییە نوێیەکانی بەریتانیا شی بکاتەوە و بەڵگەنامەی بەڵێنەکانی بەرانبەر بەکورد بەدوای بەڵگەدا بگەڕێت، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بەدۆسیەی چەکی کیمیاوی هەڵەبجەوە هەیە، هەروەکیان ئاژاوەچین و بۆچوونی سیاسی) لەنێوان ئەم کەسایەتییە هەیە، هەروەکیان ئاژاوەچین و بۆچوونی سیاسی) لەنێوان ئەم لەگەڵ هاوکێشە تازەکانی ناوچەکە و تێڕوانینی نێودەوڵەتی بیگۆنجێنێت.





جامایکا

ناوی فەرمی: جامایکا.
کیشوەر: ئەمەریکای باکوور و ناوەڕاست.
پێگەی جوگرافی: دوورگەیەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەندیز لە باشوور دەریای کاریبی و کوبا لە باکوور هەن.
دەسەڵات: کۆمنوێڵسی کۆماری.
پایتەخت: کینگستۆن.
ڕووبەر: 10.990 کیلۆمەتر دووجا.
ژمارەی دانیشتوان: 2.364.678 کەس.
ئاین: 60.9٪ کریستیان، 30.1٪ ئاینەکانی تر.
دراو: دۆلاری جامایکی.
زمان: ئینگلیزی، جامایکی.
ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان: 1962/ 9/8.

مانشێت



سکای نیوز:
سوپای پاسدارانی ئێران رایگەیاند لە قەزای سروابادی ڕۆژئاوای ئێران ژمارەیەک چەکدار هێرشیان کردۆتە سەر چەند پێگەیەکی سەربازی و لە ئەنجامدا ئەندامێکی سوپاکە و چەند هێرشبەرێک گیانیان لەدەست داوە.



ڕۆژنامەی ئەلجەیات:
سەرۆکوەزیرانی تازەی بەریتانیا ڕێککەوتنی پێشووی بڕیکزتی ڕەت کردەوە و دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی بەبێ ڕێککەوتن لە 31ی تشرینی یەکەمی داهاتوو لە یەکێتی ئەورووپا دەکشێتەوە.



ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکی تورکیا رایگەیاند ئەگەر ئەمەریکا فڕۆکەی ئێف 35بە وڵاتەکەی نەفرۆشێ ، ئەوان ناچار دەبن بیر لە ئەلتەرناتیڤی دیکە بکەنەوە.



ئەی ئێف پی:
دادگای باڵای ئەمەریکا ڕێگەی بە تەرەمپ دا لەسەر حیسابی بودجەی پەنتاگۆن دیوارەکەی نێوان ئەمەریکا و مەکسیک بونیاد بنێ.



بی بی سی:
لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەدا ، کۆریای باکوور دوو مووشەکی دیکەی ئاراستەی دەریای ژاپۆن کرد.



کەناڵی ئار تی:
سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا داوای ئەوەی کرد کە دەبێ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا سەبارەت بە دابەشکردنی پەنابەران ڕێک بکەون.

بە کارە هونەریەکانم لەگەڵ ئازاری میلەتەکەمدا بووم

میوزیکسیان کاروانی بالّەبان بۆ «خەبات»: ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە کە بۆ کلیپێک نمایشی دەکەن تەنها بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر





دیانە: بەرهەم شێخ عزەدین



گەیم لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە کە هەموو گۆرانییەک نمایش دەکەن و چاک و خراپ تێکەڵ بووە

کاروان محمود ،ناسراو بە کاروانی بالّەبان سالّی ١٩٧٠ لەدایک بوم،سالّی ١٩٩٠ دەستم بە کاری هونە ری کردووە،لە چە ند تیپو گروپی میوزیکدا کارم کردووە لە وانە : تیپی موسیقای فولکلوری کورد ،تیپی هونە ری میلی ،گروپی موزیکی گە ڕیان،گروپی موزیکی پایز ،بەشداری چە ند ڤیستڤالّی موسیقا و گۆرانیم کردووە لە ناو خۆ و دە رە وە ی وڵات ، خاوەنی ٣ سیدی موزیکی خۆمم ،کاری موزیکم بۆ زۆر لە هونەر مەندان کردووە ئەمە دەست پێکی وەڵامەکانی کاروان بالّەبان بون بۆچونەکانتی لەم دیانەیە بخوێنەوە:

بالّە بان لەکوێ دیهانی موزیکدا جێگای بۆتەوە؟

بالّەبان ئامێرێکی فوداره و لەزۆر وڵاّت بەکار هاتووە لەگەڵ موزیک هەر میلەتەو بەشێوازی خۆی بەکاری دەهێنێ.

تاچەند بالّەبان ڕووحی کلتوربەگۆرانی دەبەخشێت ؟

کە گوێ بیستی ئامێری بالّەبان دەبین هەست بەو ڕەسەنایەتییە دەکەین ئەمەش وەک میلەتی کورد سود مەند بوین بۆ دەوڵەمەن کردنی موزیکی کوردی .

دەگوترێت تاکە ئامێرە کەبێتە هۆی ماندوبی ڕسانایەتی لەگۆرانی کوردی بالّە بانە ئەمە ڕاستە؟

بەڵێ زۆر ڕاستە ئامێری بالّەبان ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست نادات بەتایبەتی بۆ میلۆدییە کوردییە کان.

مەرجە لەهەموگۆرانیک بالّبان لێ بدرێت؟

نەخێر مەرج نییە بالّەبان لە هەموو گۆرانی یەکدا هەبێت چونکە زۆر میلۆدی هەیە لەگەڵ ئامێرە کانی کەدا گونجاوە.

چی کلەیەکت لەهونەری گۆرانی کوردی هەیە؟

نەخیر من گلەیم لە گۆرانی و موزیکی کوردی نییە، تەنها گلەیم لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە کە هەموو گۆرانییەک نمایش دەکەن و چاک و خراپ تێ کەڵ بووە.

تاچەند لەگەڵ ئەوی ئافرەتان لەکلیپ بەکاردەهێندرێت بۆسەرنج ڕاکێشانی بینەر؟

بەداخەوە ئافرەت زۆر لەوە گەورە ترە کە بۆ کلیپێک نمایشی دەکەن تەنها بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر ،گۆرانی ئەگەر خۆش بێت کلیپی ناوێت.

هۆکارچیە گۆرانی ئێستا بژماوەیەکی زۆر لەسەرزار نامێنێتەوە؟

گۆرانی لەم سەردەمەی ئێستامان زۆر نامێنێتەوە چونکە زۆربەیان ئاوازەکەی لە وەرگیراوە یان فارسییە یان. تورکییە شیعرەکەی تەنها پیتەکانی دەنوسێن بەیەکەوە مانای نییە وتنەکەشی بە دەنگێکی باش ناوترێ.

ئەم ئامێرە چۆن وکەی هاتۆتە ناوبواری هونەر؟

ئامێری بالّەبان زۆر لە میژەوە لە لایەن ئازەربەکانەوە بەکار هاتووە،بەڵام لای خۆمان سالّی حەفتاکان بەکار هاتووە .

چیت بۆ بڵێ ئایندە و نیشتیمانیی کان هەیە؟

هەمیشەمن. بە کارە هونەریەکانم لەگەڵ ئازاری میلەتەکەم دابوم کاری موزیکم کردووە بۆ کۆبانێ – شەنگال- کرماشان – ئایلان کەلە دەریای ئیجە خنکا.

شەهیدان و پیشمەرگە لەکوێی کارە هونەرییەکانی تێدان؟

شەهیدانی کوردوستان هەمیشەوان لە ناو دڵ و دەروغماندا، کاری هونەری زۆرم ئەنجام داوە لەگەڵ گروپی موزیک بۆیان.

خەون بەچی دەبینیت وەکو هونەرمەندیک؟

خەونی من ئەوەیە کە هونەری کوردی ئاشنابێت بە گشت جیهان لەڕێی هونەری کوردیەوە گشت جهان بمان. ناسێت.

زیانبەخشترین و ژەهراویترین زەرف زەرفی ڕەشە

زەرفی نایلۆن و پلاستیکی شی ببنەوە لە زەویدا یان نا هەر زیان بە تەندروستی و ژینگە دەگەیەنن. شی ببنەوە پێکهاتەی فیزیکی و کیمیایی خاک دەگۆڕێ ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ئەو ڕووەک، سەوزە و میوانەی لەو شوێنەدا دەچێندرێن و لە ڕێگای خواردنیانەوە مادەی کیمیایی زیان بە تەندروستیمان دەگەیەنێ. ئەگەر شینش نەبنەوە ئاژەلان دەیخۆن و دەبنە هۆی مرداربوونیان. ئەگەر ئەو زەرفانە بشستێتن کاریگەری دەکاتە سەر گەرم داهاتنی گەردوون". پرۆفیسۆر دکتۆر حامدی تەمە مامۆستا لە بەشی دەرمانسازی زانکۆی دیجلە و سەرۆکی کۆمەڵەی هۆشیاری ژینگە ،ل رایگەیاند ژەهراویترین مادەی پلاستیکی و نایلۆن زەرفی ڕەشە کە چەندین مادەدی شێرپەنجەیی تیادایە. تەمەل بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلّوی ڕاگەیاند کە بڕیاری وەزارەتی ژینگە و شارسازی تورکیا بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی زەرفی نایلۆن و پلاستیک زۆر گونجاو لە جێی خۆیدایە و گوتی: "ئەو زیانەی زەرفی نایلۆن لە ژینگە و تەندروستی مرۆڤی دەدات ئێجگار گەورەیە. بە دوا ڕاگەیەندراوی وەزارەت ڕێژەی بەکارهێنانی زەرفی نایلۆن لە سەدا ٧٠ کەمی کردووە.

ئەوە سالانێکە لە ئەوروپا جێبەجێ دەکرێت. ئەمە بڕیارێکی زۆر گرنگە، ئەگینا ژینگەکەمان پیس دەبێ. ئەو جۆرە زەرفانە شی ببنەوە لە زەویدا یان نا هەر زیان بە تەندروستی و ژینگە دەگەیەنن. شی ببنەوە پێکهاتەی فیزیکی و کیمیایی خاک دەگۆڕێ ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ئەو ڕووەک، سەوزە و میوانەی لەو شوێنەدا دەچێندرێن و لە ڕێگای خواردنیانەوە مادەی کیمیایی زیان بە تەندروستیمان دەگەیەنێ. ئەگەر شینش نەبنەوە ئاژەلان دەیخۆن و دەبنە هۆی مرداربوونیان. ئەگەر ئەو زەرفانە بشستێتن کاریگەری دەکاتە سەر گەرم داهاتنی گەردوون". پرۆفیسۆر دکتۆر حامدی تەمە مامۆستا لە بەشی دەرمانسازی زانکۆی دیجلە و سەرۆکی کۆمەڵەی هۆشیاری ژینگە ،ل رایگەیاند ژەهراویترین مادەی پلاستیکی و نایلۆن زەرفی ڕەشە کە چەندین مادەدی شێرپەنجەیی تیادایە. تەمەل بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلّوی ڕاگەیاند کە بڕیاری وەزارەتی ژینگە و شارسازی تورکیا بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی زەرفی نایلۆن و پلاستیک زۆر گونجاو لە جێی خۆیدایە و گوتی: "ئەو زیانەی زەرفی نایلۆن لە ژینگە و تەندروستی مرۆڤی دەدات ئێجگار گەورەیە. بە دوا ڕاگەیەندراوی وەزارەت ڕێژەی بەکارهێنانی زەرفی نایلۆن لە سەدا ٧٠ کەمی کردووە.

ئەوە



دواین جەمی کندە حەننا

هونەرمەندی شۆخی سوری کندە حەننا ماوەیەکە سەرقاڵی ڕاهێنانە لەسەر هونەرەکانی سەمای شەرقی، دەربارەی ئەو مەشقە زۆرەشی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات، کندە حەننا بە گۆڤاری سەیدەتی ڕاگەیاندووە کە خۆی ئامادە دەکات بۆ بینینی ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمێکی سینەمایی بەناوی (دواین جەم). ئەم فلمە لە بەرهەم هێنانی دەزگای ڕۆشنبیری و هونەری دامەزراوەی سوریە. دەربارەی دەرنەکەوتنیشی لە مانگی ڕەمەزان کندە حەننا، دەڵێ: زیاتر مەبەستمە کارەکانی دراما باش بێت و کاری باش هەڵبژێرم، بەڵام ئێستا دەستمان بە وێنەگرتنی (دواین جەم) کردووە کە وەک سەماکەرێکی شەرقی دەردەکەوم.

قەڵەوی دەبێتە کۆسپ لە بەردەم لەشکری ئەمەریکا!

سەرۆک ترامپ کاتێک بەنمایشێکی گەورەی سەربازی لە واشنتن ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمەریکا یادکردەوە، ئەمەریکاییەکانی هاندا زیاتر خۆیان ناونووس بکەن بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی لەشکری وڵاتەکەیانەوە، ترامپ لەسەر پلیکانەکانی مۆنۆمێنتی لینکن وتارەکەی پێشکەش کرد و گوتی" گەنجە ئەمەریکاییەکانی سەرانسەری ئافرەتان و کێشەی دووگیان بوون

بەهۆی گرنگی پرۆسەی هاوسەرگیری و دواتر دووگیانبوونی ئافرەتان، سالانە چەندین توێژینەوەی هەمە جۆر لەسەر ئافرەتان ئەنجام دەدرێ، دواین توێژینەوەی زانکۆی هارڤەردی ئەمریکیش کە لەسەر ١٨٠٠٠ ئافرەت ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە کە بەهۆی بونی "ترشی فۆلید"خواردنی ڤیتامینە جیاوازەکان لە لایەن ئافرەتانەوە ئەگەری سکپڕبونیان بەڕێژەیەکی زۆر زیاد دەکات .شایەنی باسە بەگوێرەی توێژینەوەی زانکۆی هارڤەردی ئەمریکی ئافرەتێک وەک سمپڵ خراوەتە بەر توێژینەوە کە هەشت ساڵ ویستویەتی دووگیان ببێت پاش ئەوەی لە هەفتەیەکدا چەندین جار مولّتی ڤیتامینی خواردووە ڕێژەی شکستی ٤٠ % کەمی کردووە .جێگەی ئاماژە بۆکردنە زۆربەی ئەو کێشانەی لە ئەندامەکانی زاوزێ و هێلکە و تۆوەکانی خانمان دروست دەبێت بەهۆی کەمی مادە خۆراکیە سود بەخشەکان و ڤیتامینەکانەوەیە، دەتوانرێت بەخواردنی ئەو ڤیتامینانە خۆمان لەو کێشانە و چەندین کێشەی هۆرمۆنی بپارێزین .



کۆمپانیای ئۆدی داوای رادەستکردنەوە ئوتۆمبێلەکان لە یاریزانانی بەرشلۆنە دەکاتەوە

کۆمپانیای بەناوبانگی ئۆتۆمبێلی ئۆدی ئەڵمانی بریاریدا بۆندەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە هەڵوەشینێتەوە ز بەمەش داوای لە یاریزانانی بەرشلۆنە کردووە کە ئەو ئوتومبێلانە رادەست بکەنەوە کە لە یارکی ماڵەکانی خۆیاندا رایانگرتووە.

کۆمپانیای ئۆدی ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ بەرشلۆنەدا هەڵوەشاندۆتەوە چونکە یاریزانانی بەرشلۆنە چەند مەرجیکی نێوانیان پێشێل کردووە و ئەمەش کۆمپانیاکەی ناچارکردووە ئەم بڕیارە بدات، یەکێ لەو پێشێلکاریانەی ئۆدی پێی نیگەران بووە ئەو هەڵوێستە بوو کە یاریزانانی بەرشلۆن زۆرجار بۆ ئامادەبوون لە زۆرانبازی ماتادۆر بە ئوتۆمبێلی ئۆدی هاتوچۆیان کردووە و کۆمپانیاکەش ئەمەی بە ناڕەوا زانیوە و پێی وابووە هەڵسوکەوتێکی خراپە بەرامبەر ئاژەڵان، بۆیە داوای کردووە کە بەر لە دەستپێکی لالیگا لەسەریانە ئوتۆمبیلەکان بگێڕنەوە.



بەرشلۆنە
هۆشداری دەداتە راکیتیچ

ئیڤان راکیتیچ بەهۆی هەڵوێستی بەردەوامی خۆی بەمانەوەی لە بەرشلۆنە، کێشەیەکی بۆ ئەو یانە کەتالۆنیە ناوەتەوە و نازانن چۆن مامەلە لەگەڵ ئەو یاریزانە بکەن لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر یاریزانی هێلی ناوەڕاست بوونیان هەیە.

ڤالڤێردی ڕاهێنەری بەرشلۆنە لەمبارەیەوە لێدوانێکی داوە و هۆشداری داوەتە یاریزانان و راکیتیچی لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە ئەگەر ئاستی خۆی باشتر نەکات ئەوا ناتوانێ شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی یانەکە بکاتەوە.

خەونی ماتیۆی ڕووسی
ڕووبەڕووی کارلسن ببیتەوە لە کۆتایی پاڵەوانی جیهان

ماتیو یۆراسۆڤ Matvey Yurasov تازەپێگوبشتووەکی دونیای شەترەنجی ڕووسیایە، لە ساڵی 2012لە شاری قرم لەدایک بووە، سەرباری ئەوەی کە تەمەنی تەنها 7ساڵانە، و پاڵەوانی شاری قرمی ڕووسیایە، بەڵام خەونی گەورەی ئەوەی بگاتە کۆتایی پاڵەوانێتی شەترەنجی جیهان، و لەوێش لە کۆتاییەکەدا ڕووبەڕووی ماگنۆس کارلسنی پاڵەوانی جیهان بێتەوە و نازناوەکەی لێ بباتەوە.

ماتیۆ لەو تەمەن بچووکیەی هەڵگری ڕەیتینگێکی بەرزی شەترەنجی نێودەوڵەتییە کە 1640ی FIDE? بەڵام خەونی ئەو گەورەیە و دەڵێ من باوکم نمایە، بەڵام دایکم هاوکار و دەستگرمە بۆ هێنانەدی خەونەکەم، دەمەوێ ئەو ماندووبوونەی دایکم بەهەدەر نەڕوات و بەرهەمێکی هەبێ کە لەدوارۆژدا شانازیم پێوەبکات، ئەگەرچی بۆ ئەو هێندە ئاسان نییە، چونکە لەپاڵ کارکردن بەردەوام ڕاهێنەرم بۆ پەیدا دەکات.

سەبارەت بەخۆئامادەکردنی بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو، ماتیۆ دەڵێت: بەردەوامم لە ڕاهێنان کردن، پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ چەند شەترەنجزانێکی هەڵگری بڕوانامەی گراندماسنەری ڕووسی هەیە و بەردەوام ڕێنماییەکانیان لە گوێ دەگرم، خۆم بۆ پاڵەوانێتی ڕووسیا و پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانەوە ئامادەدەکەم.







شرۆڤەیەک لەسەر خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستان

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

هەفتانە خولی تازەپێگەیشتووانی تۆپی پێی کوردستان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان سەرکەوتووانە بەڕێوەدەچێت، تائێستا خولەکە پێی نایە هەفتەی چوارەم ، بەڵام بەبڕیاری یەکێتی ناوەندی کوردستان سەرجەم یارییەکان تا بەرواری 9/8/2019دواخرا، ئەگەر شرۆڤەیەکی کورت لەسەر خولەکە بکەین بەتایبەتی بەپێی ڕێزبەندی خولی تازەپێکەیشتووانی کوردستان، ئەوا یانەی هەولێر تاکە یانەیە لەچوار یاری تووشی هیچ شکستێک نەهاتووە، یانەی ناوبراو لەکۆی 4یاریدا 12خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپێشەنگی یانەکان جێگیربووە، ئەم وەرزە یانەی هەولێر لەخولی لاوان و لەخولی تازەپێگەیشتووانانی کوردستان بەئاستێکی زۆر بەرز دەرکەوتن، بەپێچەوانەی تیپی یەکەمی خولی نایابی کوردستان کەئەم وەرزە لەخراپترین ئاستدا دەبیندران، هەروەها دوای یانەی هەولێر تیپی سلێمانی لەپلەی دووەمدا بەکۆکردنەوەی 10خاڵ دەبیندرێن، واپێشبینی دەکرێت سلێمانی وزاخۆ ڕکابەری لەسەر پلەکانی پێشەوە بکەن، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەو تیپەی تووشی شکست نەیەت ، ئەوا ئەو لەپلەکانی پێشەوە شوێنی مسۆگەرتر دەبێت، پاشان ئەگەر سەیری تیپی زاخۆ و ڕزگاری بکەین لەم خولەکەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوانیش هیوایان بەگەیشتن بەپلەکانی پێشەوە زۆرە ، بەتایبەتی تیپی زاخۆ لەکۆی 4یاری 8 خاڵی کۆکردۆتەوە و لەدوو یاری براوە و بووە و لەدوو یاری دیکەیش یەکسانبووە، دوای زاخۆ تیپی ڕزگاری دێت، تیپی ناوبراو لەکۆی 4یاری تەنها 7خاڵی کۆکردۆتەوە و لەپلەی چوارەمی ڕێزبەندی خولەکە دەبیندرێت، هەروەها هەر یەک لەیانەکانی ئارارات وسیروانی نوێ و پێشمەرگەی هەولێر دەربەندیخان بەپێنج خاڵ وچوار خاڵ لەپلەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەمدا دەخولێنەوە، بردنەوە و دۆراندنی ئەو چوار یانەی کەئاماژە بەناویان کراوە ئەوا ڕێزبەندی شوێنەکانیان دەگۆڕدرێت ، بۆیە هەمووان لەکاتی یارییەکاندا تەنها بیر لەبردنەوەو و هەنگاوی جدی بەرەو پێشڤەچوون دەهاوێژن، پاشان ئەگەر سەیری تیپەکانی دیکەی خولەکە بکەین بەتایبەتی ئەوانەی کەلەناوەڕاستی ڕێزبەندی خوارەوەدا جێگیر بووە بریتین لەیانەکانی ئاشتی، دهۆک،زانکۆی جیهان، برایەتی،جیهان، ئەو تیپانە هەر یەکەو خاوەنی سێ یان دوو یاخود یەک خاڵن، بۆیە لەیاری داهاتوو ئەگەر هەوڵی ڕێکخستنەوەی خۆیان نەدەن، ئەوا هەر لەدواوەی ڕێزبەندی خولەکە دەمێننەوە.

گواردیۆلا داوا لە ستونز دەکات سوود لە هەڵەکانی وەرگری

پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری مانچستەر سیتی پشتیوانی لە جۆن ستۆنز کرد و لەهەمان کاتیش داوای لێکرد سوود لەهەڵەکانی ڕابردووی وەرگرێت، کە ستۆنز یەکێکە لەو یاریزانانەی زۆرترین هەڵە دەکەن لەناو یاریگادا کە دواترینیان ئەو هەڵەبوو کە لەیاری نێوان هۆڵەندا و ئینگلتەرا ئەنجامی داو بەهۆیەوە هۆڵەندا گۆڵی تۆمارکرد.

گواردیۆلا دەڵێت: جۆن یاریزانێکی لاوە و هەڵەی کردووە، هەڵەش بەشێکە لە یاری، هەروەها گوتی: بەداخەوە هەموان بەس چاویان لەسەر سەرکەوتنە، لەکاتێکدا تۆپی پێ بریتیە لە دۆڕان و هەڵە و بردنەوە، دیارە لەهەر یارییەکیشدا هەڵەکان زۆرترن، ئەمە سروشتی تۆپی پێیە، بەڵام جۆن دەتوانی باشتر دەربکەوێت ئەگەر سوود لەهەڵەکانی وەرگرێت.





کۆلیسناچ
ژیانی ئۆزیل ڕزگار دەکات

مەسعود ئۆزیل لە لەندەن دووچاری پەلاماری چەند چەکدارێک دەبێت و ئەگەر هاوڕێیەکەی لەگەڵی نەبوایبە ئەوا دووچاری کێشەیەکی گەورە و تەنانەت کوشتنیش دەبۆوە. ئۆزیل لەگەل خانەوادەکەی بەیاوەری کۆلیسیناچی هاوڕێی گەشتێک بەرەو باکووری لەندەن ئەنجام دەدەن و لەناکاو سێ چەکدار بەمانتۆر پێشیان لێدەگرن و دەیانەوێ هێرشیان بکەنە سەریان، لەم کاتەدا کۆلیسیناچ خۆی لە ئوتۆمبێلەکە فرێدەداتە خوارەوە و پەلاماریان دەدات و لەوکاتەدا هەر سێ چەکدارەکە ڕادەکەن.

ئەو سێ کەسە لەیەکێ لەچێشتخانەکانی لەندەن چاودێریان دەکەن و کاتێک ئۆزیلوان بە ئوتۆمبیلی مارسیدس بەڕێدەکەون ئەوان بەدوایان کەوتوون.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 28. Jul. 2019 No: (5797)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پێشانگای هەولێر لە سەد ساڵدا



بەچاودێری نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، پێشانگای هەولێر لە سەد ساڵدا، لەناو گەلەری سەندیکای هونەرمەندان کرایەوە. پیشانگاکە سەد وێنەی فۆتۆیی جۆراو جۆری لە خۆ گرتبوو کە لەلایەن هونەرخوازی گەنج محمد نوری سیان کۆ کرابوەوو چاپکرابوویەوە. دەربارەی پیشانگاکەو بیرۆکەکەی، پارێزگاری هەولێر گوتی: دەستخۆشی لەو گەنجە بەهرەمەندە، محەمەد نوری سیان دەکەم کە بەم کارە هەڵستاوە، زۆریش بەختەوەربووم بە بینینی وێنەکان هەندیکیشیان یەکەم جار بوو دەمبینی. وێنەکان زۆر دەگمەن و نایابن. لەلایەکی ترەوە تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگاری هەولێر گوتی، بیرۆکەیەکمان هەیە زوربەی وێنەکان بە هاوکاری ئەم هونەرمەندە لە نێو سوچەکانی نێو پارێزگای هەولێر هەلواسین.



کۆنسیرتێکی گۆرانی بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد
(حەسەن گەرمیانی)

ڕۆژی دووشەمە، 29/ 7/ 2019 کاتژمێر 7 ئێوارە، لە هۆڵی ڕۆشنبیری/شەقامی کەرکوک، تەنیشت سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر ڕێورەسمێکی ڕێزلێنان و ئێوارە کۆنسێرتێکی گۆرانی و موزیک بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد (حەسەن گەرمیانی)، ساز دەکات، هاتن بۆ هەمووانە.



فاروق فیشاوی کۆچی دوایی کرد

هەمزە سەرحان/ خەبات: ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو هونەرمەندی بەناوبانگی میسری فاروق فیشاوی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە تەمەنی 67ساڵیدا لە میسر کۆچی دوایی کرد. لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەواڵی کۆچی دوایی فاروق فیشاوی، سەندیکای هونەرمەندانی میسر بە یەکێک لە ڕەمز و هێماکانی هونەری میسریی وەسفیان کرد. محمد فاروق فهیم الفیشاوی ناسراو بە فاروق فیشاوی، ساڵی 1952لە میسر لەدایکبوو، لە ساڵی 1973 تا کۆتایی تەمەنی لە بواری نواندندا کاری کردووە و بەردەوام بووە، یەکێک بوو لە ئەکتەرە دیارەکانی بواری سینەما و نواندنی میسری، لە دەیان فیلمی سینەمایی و دراما دا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، لە ساڵی 2018لە کاتی ڕێزلێنانیدا لە فێستیڤاڵی سینەمایی ئەسکەندەرییە هەواڵی تووشبوونی بە شێرپەنجە ڕاگەیاند.

یەکێکم لەپشتیوانانە سەرسەختەکانی دەوڵەتی کوردی
شاعیری لاو توانا فازل: شیعر پەلکێشم ئەکات بۆ جیهانێکی ئارامبەخش و هێمنتر لەناو ئەم جیهانە پڕ لە جەنجاڵیەدا



دیمانە:بەرهەم شێخ عزەدین

نووسەر و شاعیر توانا فازل محەمەد ،ئەندامی گروپی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری (قەڵەم) یەکێکە لەوشاعیرە لاوە هەست جوانانەی کەکۆمەڵێک تێکستی جوانی هەیەو لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردو و بەرهەمێکی شیعری خۆی لەشێوەی سیدی خستە بەرگرێی هەوادارانی شیعر،لەم دیمانەکورتەدا بۆچوونەکانی توانای شاعیر دەربارەی دنیای شیعر بخوێنەوە:

بۆ شیعرت هە لبژارد؟

چونکە هەست ئەکەم شیعر پەلکێشم ئەکات بۆ جیهانێکی ئارام بەخش و هێمن تر لەناو ئەم جیهانە پڕ لە جەنجاڵیەدا.

نازناوی شعریت چیە؟

هیچ نازناوێکم نیە ، هەبوونی ناوی باوکم لەدوای ناوەکەمەوە لەگشت پاشگرو نازناوێک لەلام جوانترە.

لەزمانی شیعریتاندا وشەگەلێکی ناسک و چیرۆک ئاسای ڕۆمانسی بەدی دەکرێت،ئاخۆئەمە زادەی خەیاڵی سیحری خۆتانە ،یان پەیوەستە بەژیانی واقعی تانەوە؟

بێگومان یەکێک لەپێویستیە سەرەکیەکانی شیعر(وشە)یە، ئەتوانم بڵێم وشە و چیرۆکی شیعرەکانم تێکەڵەیەکە لە هەردوو ژانرەکە واتە هەردوو (توخم یان چەشن)ەکە.

لەزەتی شیعری و ڕیتمی شیعر لەلای ئێوە زیاتر لەشیعری ئازاد یان کلاسیک بەرجەستە دەبێت ؟بۆچی؟

لای من شیعری ئازاد چێژ بەخش ترە، چونکە وشەو ناوەڕۆکی شیعری ئازاد مەیلەو سادەترە خوێنەر ئاسانترو خۆشتر لە وشەو چیرۆکی شعرەکە تێ ئەگات.

ئیلهامی زۆرێک لەشاعیران خۆشەویستەکەیانە یان دایکە یان نیشتیمانە ئیلهامی شیعری ئێوە چیە؟

کەسێکی تایبەت نیە گوڕ بدات شیعرەکانم و بۆی بنووسم، بەڵام ئەگەر لەداهاتودا هەبێت بێگومان ئەتوانم شیرین تر لەئێستا بیەیثم.

تائێستا چەند دەقی شیعریتان کراوەتە گۆرانی؟

لەڕاستیدا چەند مانگێکە بەرهەمەکانم بلاوکردۆتەوە، تائێستاش ئاوازی چەند هونەرمەندێکی دەنگ سازم لەبەر دەستە شیعریان بۆ بنوسم، بەڵام زیاتریش حەز ئەکەم شعرەکانم بەشعری ببێننەوە نەوەک بکرێنە گۆرانی.

ئایە چی مەرجێکی پێش وەختەتان هەیە بۆئەو هونەرمەندەی شیعری ئێوە دەکات بەگۆرانی؟

مەرجەکان لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر ئەگۆڕێت، بەڵام شکۆ بەرزی ئاستی کۆمەڵایەتی هونەرمەند لەناو خەڵکیدا لای من گەلێک گرنگە.

شیعرت بۆسەربەخۆی وتوە؟چی دەڵێیت لەم بارەیەوە؟

یەکێکم لەپشتیوانانە سەر سەختەکانی دەوڵەتی کوردی، بەڵام تائێستا لەئەوبارەیەوە شعرم نەنووسیوە، بڕواشم وایە وەک لاوێکی ئەم وڵاتە پشتیوانیەکەم کرداری بێت زیاتر جێی خۆی ئەگرێت نەوەک بەشعرو نووسین بێت. هەرکات پێویستیش بکات بێگومان شعری بۆ ئەنووسم.

چەند بەرهەمی شیعریت هەیە؟

لەماوەی چەند ساڵی نووسینمدا نزیکەی سەد شعری پوختەم هەیە، لەئێستادا 8. شیعریان تۆمارکراون و نیازمە دوای تەواوبونی کارکردن تیایاندا لە ژێر ناوی چەند ئەلبومێکدا پێشکەشی هەوادارانی شیعریان بکەم.

حەز بەشیعری چی دەکەیت ڕۆمانسی یان نیشتیمانی؟بۆ؟

زیاتر حەز بەشیعری ڕۆمانسی ئەکەم، لەبەرئەوەی واقعی ئێستای ئەوسروشتەی من تیایدا ئەژیم زیاتر پەلکێشم ئەکات بۆ ئەوە.

پێشمەرگە و شەیدان لەکوێی شیعرەکانی تۆدا جێگەیان بۆ کراوەتەوە؟

تا ئێستا هەردووکیان لەناو دڵ و هەستی شیعرێمدا ئەیان لاوێنمەوە، ئەمەویت کاتێک بۆیان بنووسم کە (لێوان لێو) بم لە هەست گەلێکی شایستە بەئەوان، هەتاکو لەجوانترین وشەو هەستەکانیان بۆیکەمە خامەیەکی ڕەنگین.

پرۆژەی داهاتووت چیە؟


دوای بلاوبوونەوەی تەواوی تراکەکانی ئەلبومی یەکەمم کارکردنە بۆ ئەلبومی دووەمم بەڵام بە ستایلێکی زۆر تازەو چاوەڕوان نەکراو.



نامەی منداڵان بۆ پەرلەمانی کوردستان

تۆڕی بەرگری لە مافەکانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک کەمپەینێکی فشار ئامێزی ڕاگەیاندووە، کە مەبەست لێی دەرچواندنی یاسایی پاراستنی منداڵ بووە لە هەرێمی کوردستان. لەم ڕوانگەیەوە منداڵانی کوردستان لە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی هەرێم بە جۆرەها شێوازی چالاکی و لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی داخوازی نامەکانیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، وێستەکانی خۆیان خستە ڕوو. ئەگەرچی ئەم ڕەشنووسی ئەم یاسایە هەیە لەناو پەرلەمانی کوردستان بەڵام تاوەکو ئێستا خوێندنەوەی بۆ نەکراوە تاوەکو منداڵانی کوردستانیش چەشنی منداڵانی جیهان بینە خودان یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی مافە سروشتییەکانیان.

جاکی چان زیاتر بناسە



هەمزە سەرحان / خەبات

چانگ کۆنگ-سانگ ناسراو بە (جاکی چان) لەساڵی 1954لە هۆنگ کۆنگ لەدایک بووە باوکی و دایکی جاکی ناوی (چارلس و لی.لیچان)ە، جاکی بەمنداڵی نازناوی گوللە گۆپی لێنراوە لەبەر ئەوەی منداڵێکی زۆر عەجوول بووە، تەمەنی گەنجێتی لە خانوویەکی سەربە کونسوڵخانەی ڤیکتۆریا بیک بەسەربردووە. جاکی چان ئەکتەر و دەرهێنەر و یاریزانی هونەری جەنگی و گۆرانیبێژێکی چینییە، لەتەمەنی پێنج ساڵیەوە دەستی بەکاری سینەمایی کردووە. زیاتر بەشداری لە فیلمی ئاکشن و کۆمیدیدا دەکات وە بە پاڵەوانی شەڕکەرەکان دادەنرێت لە فیلمەکانیدا. جاکی چان لەساڵی 1960کاندا دەستی بە کاری ئەکتەری کردووە و زیاد لە 150فیلمیشی هەیە. لەساڵی 1982جاکی چان ژیانی هاوسەری لەگەڵ (لللین فێنگ) پێکهاناوە و هەر لەساڵی هاوسەرگیریەکەیاندا منداڵیکیان بووە و ناویان ناوە جایسی کە ئەویش ئەکتەر و گۆرانیبێژە، وەجاکی لەسەر دینی بوودیەکانە. جاکی چان لەساڵی 2009دکتۆرای شەرەفی لەلایەن زانکۆی کامبۆدیاوە پێبەخشراوە و جگە لەوەش جاکی چان خاوەنی 38خەڵاتی جیهانییە و هەڵبژێردراوە بۆ 45خەڵاتی جیهانی دیکە.